# چیرۆك نما

پاشكۆیەكی گۆڤای (نما)یە تایبەتە بە چیرۆك
ژمارە (2) نیسانی 2005

**راوێژكاری نما : رێبین رەسوڵ ئیسماعیل**

**خاوەنی ئیمتیاز : ئیسماعیل كوردە**

**سەرنووسەر : ئاسۆ جەلال**

**بەڕێوەبەری نوسین: زرار سەرتاش**

**پیت چنین: عیمار رەسوڵ ، رابەر محەمەد قادر**

**ناونیشان: نوسینگەی گۆڤاری نما/ ریگای پەرلەمان**

**ت: بەڕێوەبەر: 4660249**

## پێشەكیەكی كورت:

چیرۆك نما پاشكۆیەكی تایبەتی گۆڤاری نمایە گرنگی بە چیرۆكو بابەتو باسی پەیوەست بەو بوارە دەدات. ژمارە یەكی بەر لە دوو ساڵ دەرچوو هۆی راگرتنەكەی دەگەڕایەوە بۆ ئەم باو مەرجە مادديەی كە هەموو كوردستانو دامودەزگاكانیشی پێدا تێپەڕین، لەبەر گرنگی ئەم بوارە لە ئەدەبی كوردیدا، بەردەوام دەبین لە دەركردنیو بەو هیوایەن ژمارە (دوو)ی بەدڵی هەموو لایەك بێت.



# لەدەرەوەی دەرەوە

## چیرۆك

فەروخ نعمەتپوور

بەرەو دەرەوەی خەونەکانیان خۆیان راپێچ دەدا. وەرەز بوون. لە هەموو شتێك وەرەز بوون، لە منداڵییان، لە سەردەمی هەرزەکاری و گەنجیەتیان، لە زەوی لە ئاسمان، لە هەموو ئەو شتانەی کە بۆنی بیرەوەری و بۆنی عەشق و فیداکارییان لێ دەهات. کە باسی عەشق و فیداکارییان بۆ دەکرا، دەستبەجێ دەرشانەوە. کە دەشرشانەوە هەموو دونیا بۆنی دەگرت. هاڵاوی



رشانەوە بەرەو مانگ و ئەستێرەکان هەڵدەکشاو ئەوەندەی دی دنیای دەکردە تارمایی.

خۆیان فێری لەبیرکردن دەکرد. دەیانگوت:( هەموو شتێك شیاوی لەبیرکردنە. مرۆڤ دەبێ فێر بێت کە بە بێ عەشق و فیداکاری بژی). بەردەوام لە هەوڵی لەبیرکردندا بوون. هەموو رۆژێك بۆ ئەوان دەست پێکردنەوە بوو. گرنگ نەبوو کاری ئەمرۆ بە کۆتایی دەگا یان نا، گرنگ ئەوە بوو رۆژی دواتر چەندە لە گەڵ ئەمرۆ جیاوازی هەبوو. نەفرەت لە رابردوو، داهاتووی پێ لە بیر کردبوون. ئەوان بەردەوام هی ئێستا بوون. رستەی کتێب تەنیا ئەو کاتە مانای هەبوو کە ئێستا دەخوێندرایەوە. کە دەگەیشتنە رستەیەکی دیکە، رستەکەی پێشوو لە بیر کرابوو. لەم لێکدابڕانەدا دنیایەکی ئەفسووناوییان دروست کردبوو، کە هیچ چەشنە تەعبیرێکی هەڵنەدەگرت. یان هەموو تەعبیرێکی هەڵدەگرت. دنیا لای ئەوان ئەوەندە ورد کرابووەوە کە هیچ سیمایەکی گشتی بەدی نەدەکرا. هەر وردێك بۆ ئەوان گشتێك بوو، یا خود هەر گشتێك وردێك بوو. دەیانگوت: ( لە بیر کردن وەڕەزبوونی بە شوێنەوە نیە.) نوێ، بەردەوام نوێ. ئەمە دروشمی کۆبوونەوەکانیان بوو. لە کۆبوونەوەکانیاندا هەر کەسەی قسەیەکی دەکرد. گرنگ پێکەوە گرێدان نەبوو. گەر قەرار بێت رۆژێك لە رۆژان هەموو شتێك لێکدابڕێ، بۆچی لە ئێستاوە دانەبڕێن. داخۆ مرۆڤ ئاوا

ئاسوودەتر نیە؟ ئاسوودەییش لە بیرکردنەوە دێت. دەیانگوت لەوەتەی مرۆڤ پێی ناوەتە ناو ڕەوتێکی بە ناوی مێژووەوە، هەر لە بیری ئاسوودەییدا بووە. کەچی ئاسوودەیی ئۆقرەی لێ بڕیوەو مرۆڤ بووەتە خۆراکی.

ئەگەرچی ئەوان بە لێکدابڕاوی دەژیان، بەڵام لێکدابراوی پێکەوەی گرێ دابوون. هەموو ڕۆژێک بەبێ خواست پێک دەگەیشتن و جودا دەبوونەوە. کە جودا دەبوونەوە لە بیری پێک گەیشتندا بوون، کە پێک دەگەیشتن لە بیری جودا بوونەوەدا بوون. بە هەزاران هەزار مرۆڤ ئاپۆرایان دەبەست و لە بەر یەک دەکشانەوە. ئەگەر لە دوورەوە لە ئاسمانەوە سەیری زەویت کردبا، پەڵەیەکی ڕەشت دەهاتە بەر چاو کە بەردەوام تۆخ و کاڵ دەبووەوە. ئەم پەڵەیە ناوی لێنرابوو ژیان. گوایا دامەزرێنەری ئەم پەڵەیە دوو مرۆڤ بوون کە بۆ جوانکاری جەستەیان لە چەند گەڵایەکی سەوز زیاتر بیریان لە هیچ نەکردووەتەوە، ئەگەرچی زەوی ئەو هەموو بەرهەمە سروشتییەی دیکەی تێدا بووە. ڕەنگە هی ئەوە بێت کە دنیا هەمیشە بۆ مرۆڤ بچوک بووە. ئەوەندە بچوک کە بە گەڵایەک بەری بە تیشکی خۆر و ڕوناکیی سەر جەستەی خۆی گرتووە.

ئەوان لە مێژوو و خەون بێزار بوون. لای وان "تەنیاییەکان" بوونێکی ڕاستەقینە بوون. مێژوویان وەک چیرۆکێکی خەیاڵی دەهاتە بەرچاو. مێژوو زەردەخەنەی



کیژێکی خەنی بە جوانی خۆی بوو کە دەشیا هەر جارەی ئاراستەی کەسێک کراباو تۆوی عەشقێکی شێتانەی تیا چاندبا. خەونیش چیرۆکی ماندوویی مرۆڤ بوو لە خۆی. پێیان وابوو مرۆڤ و خەون وەکوو دەریا و ماسین. ماسی هەمیشە لە دەریادایەو بێ دەریا ناژی، کەچی قەتیش دەریا نابێ بە هی ئەو.

گەلێک گۆرانییان بۆ ئەم مەبەستانە ساز کردبوو. تێر تێریان دەخواردەوەو بە ئاوازی گا خەمناک و گا گرژ باسی بێزارییەکانی خۆیانیان دەکرد. سەمای شێتانەیان دەکرد. دواتر لەوپەڕی دڵنیایی بە باوەڕەکانیان، قوڵپی گریانێکی ترسناک بەربینگی پێ دەگرتن. ئەوسا گریان و فرمێسک وەک گرمە و بارانی هەوری بەهاری دنیای دادەگرت. دەگریان، دەگریان ... تا ئەوپەڕی سنوورەکانی ئێستا. گریان دەبوو بە هارمۆنیای دەنگەکان. دنیای دەتەنییەوە. وەک بڵێی زەوی دەگری. زەوی دەگریا و تک تک فرمێسکەکانی دەچۆڕایە نێو بۆشاییەوە. بۆشاییە بێ سنوورەکان فرمێسکەکانیان دەبرد. فرمێسک و بەردە ئاسمانییەکان لە سووڕی نێو بۆشاییەکاندا تا بێ کۆتایی ڕێیان دەکرد.گریان، فستیڤاڵی ڕێزگرتن لە بیرو باوەڕەکانیان بوو. کەس دڵنەوایی کەسی نەدەدایەوە. کەس ئەوی دی لە ئامێز نەدەگرت. کەس سەرنجی ئەوی دی نەدەدا. گریان مافی تەنیاکان بوو. تراژێدیای مەزنایەتییەکان بوو. دوا

ویستگەی شکستەکان بوو. چەندەش لەوێ هەموو شتێك بچووك دەبووەوە. بۆ ئەوان هیچ شتێك مەزن نەبوو. دەیانگوت:'' دنیا بۆ ئەوانە گەورەیە کە بیر لە مەزنایەتی دەکەنەوە.'' دەیانگوت:'' مەزنایەتی هیچ شتێك نیە جگە لە مەرگ!''

جارێکیان یەکیان بە بێ خواستی خۆی، بێ ئەوەی بیری لە کردبێتەوە، شەوێك لە شەوەکانی ژیان، ئەو کات کە نیوە شەو نزیك دەبێتەوەو کزەی نەسیمێکی نیوە سارد لە هەناوی نادیارەوە سیماکان دەگەشێنێتەوە، دێتە حەوشەکەیان و لە پاڵ تاقە درەختی بەر پەنجەرەکەدا سەر هەڵدەبڕێ و لە ئاسمان دەڕوانێ. مانگ تازە دەرکەوتووەو قسەیەکی پێیە.ئەم بۆ ماوەیەك، رەنگە سەعاتێك یان دووان، هەروا کش و مات لە مانگ دەڕوانێ. شتێك لە دەروونییەوە هەڵدەچێت و بێ ئۆقرەی دەکا. بێ کۆتایی دایدەگرێ و دەیەوێ بە چەند وشەیەکی ئەفسووناوی ئەبەدییەت وێنا بکا. بە پەلە دەچێتە ژوورەوە و دەنووسێ:'' درەختێك، مرۆڤێك و بیری بێ کۆتایی.'' تا سبەی هەر لەم حاڵەتەدا دەروژوور دەکا. هەست دەکا ئەوەندە پان و بەرین بووەتەوە کە لە گەڵ هەر جوڵەیەکی هەموو دنیا دەجوڵێتەوە. سبەی کە چاوی بە وانی دیکە دەکەوێ، دەڵێ:'' دوێ شەو بۆ ماوەیەك خەونە نەزۆکەکان روویان تێکردمەوە.''



هاورێکەی دەڵێ:'' پەرۆش مەبە! نەخۆشی قەت مرۆڤ جێ ناهێڵێ.''

***********

ئەوان ئێستا لە مێژ بوو لە دەرەوەی خەونەکانیان دەژیان، ئەوەندە کە هیچ هێمایەکیان لێ لە بیر نەمابوو. کەچی هەر بەردەوام بەرەو دەرەوەی خەونەکانیان خۆیان راپێچ دەدا! بە بێ ئەوەی خۆیان بیانەوێ بەردەوام بەرەو خەون دەگەشانەوەو بەردەوامیش خەریکی خۆدەربازکردنبوون لێی.

ئێستا ئیتر هیچ چەشنە بیرەوەرییەکیان لە عەشق وفیداکاری لە زەیندا نەمابوو. ئەگەر کەسێك بە رێکەوت بە زماندا هاتبا، ئەوانی دی بە سیمایەکی ساردو روانینێکی سەهۆڵ ئاسا، روانینێك لەودیوی بیرەوەرییەکانەوە لێیان دەڕوانی. وەك بڵێی بەرامبەرەکەیان بە زمانێك دەدوا کە هیچ چەشنە مانایەکی هەڵنەدەگرت.

لە سەرەتاوە کاتێك ویستیان ئەم دوو کەلیمە لە بیر بکەن، هەریەکە پێشنیارێکی هەبوو. یەك گوتی:'' هەرکەس لە ئاستی خۆی لە بیری بباتەوە.'' یەکی دی گوتی:'' تەنیا بە بریار جێ بە جێ نابێت،'' یەکی دی گوتی:'' ماوەیەکی زۆر راهێنانی دەوێ.'' یەکی تر گوتی:'' زۆر واقعیانە بۆی دەچن، ئەمانە دوو وشەی رۆمانسین، دەبێ شتی بەهێزتر بخەینە جێگایان.'' هەموو بێدەنگ بوون.'' ئەی جێگرەوەکێیە، چییە؟'' یەکی دی

گوتی: '' ئەگەرچی دەڵێن لە سەدەی نۆزدەوە رۆڵی پەیامبەر کۆتایی هاتووە، بەڵام ئێمە پەیامبەرێکمان پێویستە!'' مرۆڤێك کە نە تەنیا روخسارو چاوی، بەڵکو هەموو جەستەی ساردسارد بوو، گوتی: '' دەوڵەت، بەڵێ دەوڵەت! ئەمە ئەو موعجیزەیە کە لێی دەگەڕێین.'' دەنگێك بەرز بووەوە: '' چۆن؟ بۆمان باس بکە!'''' مرۆڤە سەهۆڵینەکە گوتی: ''هەموو عەشق و فیداکاریەك بە دەسەڵات کۆتایی هاتووە. دەوڵەتیش وەك دەزانین ترۆپکی دەسەڵاتە. دەوڵەت ئەو کایینە سەیرو سەمەرەیە کە دەتوانێ هەموو شتێك لە خۆیدا جێ بکاتەوەو ئەوجا بە گوێرەی پێویست بیانهێنێتەوە ئاراوە. دەوڵەت هەنبانە بۆرینەیە. هەرکەس خاوەنی بێت دەتوانێ خاوەنی هێزی لە بیر کردن و بیرهێنانەوە بێت. کەواتە ئێمە دەبێ چاوەڕوانی پەیامبەری دەوڵەت بین. بژی پەیامبەری دەوڵەت!''

یەکی دیکەیان کە لە کاتی قسە کردندا هەمیشە سەیری ئاسمانی دەکرد، گوتی: '' چاوەڕوانی عەشق و فیداکاری بە شوێنەوەیە.'' ئەم لە وەڵامدا گوتی: '' دەمانەوێ بێ خەون بژین، بەڵام هەمیشە لە گەڵمان بووە. کەواتە دەردی ئێمە ئەوەیەکە لە خەونە کۆنەکان وەڕەز بووین، نەك لە خودی خەون. ئێمە لە عەشق و فیداکاری وەڕەزین چونکە ساڵانی ساڵە لە گەڵیا دەژین بێ ئەوەی دەسکەوتێکمان هەبێت، بێ ئەوەی ئەو دنیا سەیرو سەمەرەیەی کە دەمانویست لێیانەوە بەدی بێت.''



یەکی دیکەیان گوتی: '' مەبەستت ئەوەیە بۆ دەوڵەت بین، بەڵام بەبێ عەشق و فیداکاری؟ ئەم گوتییەوە: '' هەر خەونێك عەشق و فیداکاری دەوێ، بەڵام عەشق و فیداکاری بۆ دەوڵەت لە جۆرێکی دیکەن، چوار چنگ بە ئێستاشەوە گرێ دراوە. لە بیرتان نەچێ کە لەوە پێش ئێمە هەر بۆ داهاتوو دەمردین بەڵام دەکرێ بۆ ئێستاش بمرین.''

دەنگێگ: '' کەواتە مەرگەکان فراوانتر دەبن، وەك چۆن دەسکەوتەکانیش فراوانتر دەبن.'' یەکی دی گوتی: '' مرۆڤ لە قەوارەی خەوندا هەتا بچوکتر بێت، راستەقینەترە.''

غەڵبەغەڵبێکی ترسناك کەوتە ناویانەوە. ئەوەی وا لە کاتی قسەکردندا بەردەوام سەیری ئاسمانی دەکرد، لە بەر خۆیەوە گوتی: '' رێکوپێکی لە پێناو جەنجاڵدا.'' ئەوسا هەر لەوکاتەدا دانەیەك لە فرمێسکەکانی بینی کە نیوەبەردو نیوەفرمێسك خەریکی سوزی نێو بۆشاییەکان بوو.

کۆتایی

پاییزی 2003

# نووسەران لە کورتیلە چیرۆکدا

**سابیر رەشید**

## دێوانە شیعر

شاعیرەکە دوای ڕێگای لەچاپدانی دێوانە شیعرییەکەی چۆنیەتی چاپکردنی بوو بە ئەژدیهایەك و لەگەردەنی دەئالاٌ.. زۆر دەزگاکانی چاپکردنی بەسەرکردەوە... ڕووی لەم دەوڵەمەندو لێپرسراوان کرد، هیچی بۆ نەکرا.. سەرەنجام ئەلقەی دەسگیرانەکەی و هەندێك وردەواڵەی ماڵەوەی فرۆشت و کتێبەکانی هەشیبوو هەڕاجی کردن... بۆرە دیوان هەرچاپ نەبوو.. دانیشتنەکانی خواردنەوەی پارەی بۆرە کتێبییان لەگیرفان داتەکاندا... بۆیە ئەم خەونەشی نەهاتەدی.. لەحەژمەتان چەند دانەیەکی بەکاربۆن نووسییەوە و بەسەر چەند ڕەخنەگرێك و دەزگایەکی رۆژنامەنووسی دابەشی کرد، بەڵکو ئێ هەر ناوی بکەوێتە ناو ناوان.!..



## پەراوێز

ئەمجارەیان زۆر لەجاران بەهەوەستر دیدەنی کرد.. ئەم گۆڤارەشی پێبوو کە بابەتەکەی خۆی تێدا بلأوکردبووەوە.. بەنازێکەوە لاپەڕەی یەکەمی باسەکەی خستەبەردەم مامۆستا.. جەنابی دکتۆریش هەمووی هەڵدایەوە هەتا گەیشتە پەراوێزەکان، ناوەکانی یەکە بەیەکە خوێندەوە، ئینجا بەگرژییەکەوە گۆڤارەکەی فڕێدایە پێشی و گوتی: ((بابەگیان بابەتەکەت لاوازە، هێشتا ماوتە بۆ نووسین، بڕۆ جارێ بۆ خۆت بخوێنەرەوە...)).. کاکی نووسەر بەدڵشکاوی هاتە دەرەوە و بەهاوڕێکەی خۆی گوت: ((پێم سەیرە، مامۆستا هەمیشە لەنووسینەکانم رازیە و هەردەم ئافەرینی لێ کردووم، نازانم بۆچی ئەمجارەیان هێنامیەوە سەر سفر..)). ئەویش تێی گەیاند کە لەم نووسینەدا ناوی مامۆستاکەی تری پێش مامۆستا هێناوە لەپەراوێزا. ئەوانیش یەکتری دەسڕنەوە، بۆیە بەلای ئەمانیشەوە ناوهێنانی ئەوەی تر پێش ئەو دەبێ سڕینەوەی ئەم کەسەبێت کە هەڵەی وا دەکات!!.

# نامیلکە

دوای مانگێك سەری لە كتێبخانەكان دا بۆئەوەی نەختێك لەپارەی فرۆشتنی نامیلكەكەی بكەوێتەوە دەستو لایەكی قەرزەكانی پڕبكاتەوە.. كەچی خاوەنی یەكەم كتێبخانە كە چووە لای بەفیزێكەوە پێی راگەیاند كە دەبێ كتێبەكانی بباتەوە چونكە قوژبنێكی چاكی دووكانەكەی داگیركردووەو دانەیەكیشی لێ نەفرۆشتووە..ناچار كتێبەكانی لێ وەرگرتەوەو زەرف فرۆشەكان لێیان كڕی!.

# نووسەر

كە گوێی لەناوی ئەوەبوو تۆزێك سڵەمییەوە، سەد خۆزگەی بەمە دەخواست كەناوی لەگەڵ ئەو مردووانەدا بهاتبایە كە لەبەر دەرگای هۆڵەكە بێ ئەوەی بزانرێ مردوون ناویان خوێندرایەوە.. خەریك بوو قێز لەمە بكاتەوە كە چۆن لەگەڵ ئەندامێكی تازەی كۆنگرە بچنە ناو یەك هۆڵەوە.. كەچی نووسەری تازە پێش مامۆستا ناوی خوێندرایەوە.. ئەم زاتەش كە خۆی بەئەندامێكی كۆن دەزانی دوای هەموو ناوەكانی كە تازە وەرگیرابوون بەهۆڵەكە سپێردرا.



# مامۆستا

مامۆستا زۆر سەرقاڵ بوو.. هەفتەیەك بوو خەریكی ئامادەكردنی ئەم كۆڕەبوو.. هەمیشە دەیگوت: ئەگەر مامۆستاكەی دیكە بێتە ئەم دیدارە ئەوا وەدەری دەنێتو نایەڵێ بێتە ناو هۆڵەكەش.. كەچی كەهاتە ژوورەوە هەر ئەوەندەی پێكرا دەفتەرو پەڕەكاغەزەكانی خۆی كۆكردەوەو بەهیچ تكاو پاڕانەوەیەك نەگەڕایەوەو بۆ مامۆستای دووەمی بەجێ هێشت.

# رەش و سپی

بەهەوەسی خۆی باسی دەكردو دەیگوت: ((بەسەری تۆ ئەو برادەرە نەخوێندەوارەو هیچ ناخوێنێتەوە، بەستەزمانەی ناتوانێت بۆخۆی دێرێكیش بنووسێت، ئەم كتێبو نووسینانەش هەمووی من بۆی دەنووسمو بەهۆی منەوە ناوبانگی زڕاوە..تاد)).. هێشتا نیازی وابوو زیاتر باسی بكات كە باسكراو لەسووچێكی چاپخانەكەدا سووڕایەوەو گەیشتە بەردەمییان، كەچی ئەمجارەیان قسەكانی بەچەشنێكی تر گۆڕیو ئەوەندەی پیا هەڵدا تا كابرای گوێگر لەخۆی بێزاربووو پێكەوەی بەجێ هێشتن.

# چەقۆ

نووسەرو هونەرمەندەکانیان تێکرا لە هۆڵێکدا کۆکردەوە تا بەرۆشنبیری خۆیان مشورێك بۆ میللەتە کلۆلەکەیان بخۆن.. کەچی تا کۆنگرە تەواوبوو زوبانیان هەموو بوو بە چەقۆو بەخوێنی یەکتر کفت بوون.

# سەفەر

کتێبەکانی خۆی هەمو هەرزان فرۆش کرد.. ناو ماڵەکەی هەموو هەراج کرد.. ئەوەی هەیبوو کردی بەدۆلارو بەدوای قاچاغچییەکدا دەگەڕا تا بەگەرەنتی بێ ڤیزەو پاسەپۆرت بیگەیێنێتە کۆشکی ئارەزوو.. منداڵەکانیشی لێرە لەخوانەکەی ماڵی باوان چاوەڕێی گەڕانەوەی بن.. تا ئەوانیش ئەم فیردەوسە بێ بەش نەبن..!.. ڕۆیشتو لێرە ئازادبوو، بەڵام لەوێ بەندبوو.

# پێچەوانە

وادیارە قەت ناگەین بەیەکتر من بەنووکی قەڵەمەکەمو ئەویش بەخەنجەرو شمشێر.. من بە پەیڤینو هزرو ڕێزلێنانو ئەویش بەجنێوو هەڕەشەو قسەی بەتوێکڵ.. وامان لەچارەدا نووسراوە هەر دەبێت بەمجۆرەش برای یەك دایكو باوك بین!.



# گەمەی نوێخوازی

ماوەیەك بوو مشتومڕیان لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان نەدەبڕایەوە.. خەڵکەکەش لێیان تێك چووبوو نەیان دەزانی بەکامەیان بڕوا بکەنو بزانن کامەیان مامۆستای ئەوی تریانن.. کار گەیشتە ئەوەی کە شەڕی ساردیان لێ بوو بەڕاستیو چەند ڕەخنەگرێکیش هاتنو خۆیان خزاندە ناوشەڕەکەوە.. چایخانەکەی (مەچکۆ) بوو بەدوو گرووپ هەندێکیان (......)یان خستبووە سەرشانی خۆیانو هوتافی رابەرایەتیان بۆ لێ دەدا.. لەلاکەی تریشەوە (......)یان لەسەرشانی خۆیان دانابوو بەهەمان شێوە رابەرایەتیان پێدەبەخشی ... هەردوو گرووپ بەتوندی بەرامبەر یەکتر وەستان.. هەراو زنایەکە تادەهات زیاتر پەرەی دەسەندو بەکەس دانەمرکایەوە.. ئەوکات (......) لەملاوە بەتوڕەییەوە هاتو دڕی بەخەڵکەکەداو ئەویش چو لەسەر تەختێك وەستاو پێی وتن: (ئەدی بۆچی کەسێکیش ناوی ئێمە ناهێنێ، خۆ من باوکی هەر هەموویانم، من بەردی بناغەی نوێخوازیم، ئەم نوێخوازییەی خوێنی لەسەر ڕژاوەو جوێن ڕێژی ئەزیەتمان لەسەریا چەشتووە.. بەخوا ناهێڵم هەروا بەئاسانی بۆیان بچێتە سەر.. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە منیش قسەی خۆم بکەم، ئێوە هیچتان رابەرنین، من لەناو هەناوی ڕوانگەوە بزوتنەوەی مودەرەنیزم خوڵقاندووە، فەرموون ئەوە

دەق شاهێدە، فەرموون دیوانی ئاو تەماشاکەن..).. دیاربوو زۆر درێژەی بەقسەکانی دا بەڵام ئێمە هەمووی ناگێڕینەوە باسەری خوێنەریش نەیەشێنین.. ئەوەندە هەیە دوای ئەم قسانە یەکسەر قەڵەمەکەی (رۆلان بارت)ی لەگیرفانی خۆی دەرهێنا و کۆتایی بەکێشمە کێشەکە هێنا..

## ناوبراوی ناونەبراو

لەبەردەم کتێبخانەکەدا وەستابوون و سەیری گۆڤارو ڕۆژنامەکانیان دەکرد.. ئەوەی هاتە لایان لە ڕۆژنامە فرۆشەکەی پرسی: (ئەرێ کاکە سیروان چی نوێ هاتووە...؟) پێش ئەوەی سیروان وەڵام بداتەوە (......) گۆڤارێکی نوێبازی لەدەست بوو دەیخوێندەوە، پیشانی داو وتی: (دەبێ ئەمەشیان نووسینی ئەو برادەرەی تیانەبێ کە کارگەی نووسینی هەیە...!؟).. پێش ئەوەی (ن) وەڵام بداتەوە، (.....) یەکسەر لێی وەرگرتەوەو وتی: (مەبەستتان ئەو برادەرە نییە کە دەمەتەقێیەکیشی لەگەڵ خۆی کردبوو بەناوێکی تر بڵاوی کردبووەوە!!؟)..(ن) قسەکەی وەرگرتەوەو وتی: (دەنا لەم گۆڤارە نوێیەشدا ئەو برادەرەی تیایە، تێناگەم چۆنی زانی ئەم گۆڤارە دەردەچێ و خۆی گەیاندوەتێ!!.. بێ شک چەلاوەکەی باشە!؟.. گرنگ جۆری نووسینەکە نییە پیاو ماکینەی نووسینی وای هەبێ یەکی ناکەوێ!!؟..). هەرسێکیان بێ ئەوەی ناوی بهێنن لەیەکتر حاڵی



بوون بەڵام (سیروان) کەسەری بابەتی نووسین و ناوەکی کرد لەڕاست وێنەی ناوی ئەوزاتە سەنگرایەوەو بەپێکەنینەوە وەك ئەوەی ئەویش گرەوەکەی هەڵێنابێ گۆڤارەکەی بەکراوەیی لە نووسینەکەی ئەو خستە سەر گۆڤارو ڕۆژنامەکان.. بەسەر سوڕمانەوە پێی وتن: (مادام ئەوەندە دەنووسێ و پاداشتی زۆرە دەبێ کەی قەرزەکانی من بداتەوە؟..).

## منی نادکتۆر

خولەکێك زیاتربوو بۆم دەڕست، ئەویش هەر سەری خۆی دەلەقاند.. گەیشتمە سەرباسی نوێخوازی دونیا و باسی بونیادگەریەکانی لای خۆمان ئەو هەر سەری خۆی دەلەقاند جار جارە نەبێ بۆ تام و بۆ بابەتەکانی ناو نامەی دکتۆراکەی تێکەڵ گفتوگۆکە دەکرد. گەیشتینە بیردۆزە نوێباوەکانی دونیا بوو بەباسی (هنتینگتن)و (فۆکۆیاما).. ئەو برادەرە نامەی دکتۆراکەی لەوێ بەکەڵکی نەهات بۆیە پێی وتم: (ئەرێ ئەم عەولەمەیە چییە لەم ماوەیەدا گفتوگۆی زۆری لەسەر دەکرێ.. دەڵێن دونیا وەك گوندێکی بچووکی لێ دێت؟..)..
لەم دەمەدا برادەرێکی تر بەسەر پرسیارەکە داهات و خۆی پێ ڕانەگیراو پێی وت: (دکتۆر گیان تۆ بۆخۆت خەریکی ئەدەبیاتی کلاسیکی خۆت بەچیت داوە لە عەولەمە بائەم بابەتانە بۆ پسپۆڕانی خۆی لێ گەڕێین..).. منیش بۆ ئەوەی دڵی نەڕەنجێ

ووتم: (گرنگ ئەوەیە لە پسپۆڕی بابەتەکانی خۆتداشارەزابی.. بەلاّم من لەبرادەرێکی دکتۆری دەروونزانیم داواکرد چەند سەرچاوەیەکم لەبارەی (لاکان) بۆ بهێنێ، کەچی ئەو زۆری پێ سەیر بوو بەسەر سووڕمانەوە وەلاّمی دامەوەو ووتی: (من ئەم (لاکان)ە ناناسمو نەم بیستووە حەز دەکەم ئەگەر تۆ سەرچاوەی وات هەیە پێم بناسێنی پێش ئەوەی قوتابییەکانم ئەم پرسیارەم لێ بکەن؟..) دکتۆر بەپێکەنینەوە وەك ئەوەی بەسەرخۆی نەهێنێ ووتی: (گرنگ ئەوەیە من پیتی دال لەپێش ناوەکەمدا هەیە، بەلاّم حەیف ئێرە جێگای من نییە چاکتر وایە منیش بۆ (لیبیا) هەیپەی لێ بکەم، دەزانم لەوێ زۆر خزمەتم دەکەنو گیرفانەکانم پڕ دەکەن لەگەلاّ..!!).. ئەوجا برادەرەکە بەپێکەنینەوە ووتی: (ئێستا تۆ لەعەولەمە گەیشتی..!!).

## مەچکۆ

چوومە چایخانەی مەچکۆ بۆئەوەی پشوویەك بدەمو تۆزێك لەگەلّ برادەرە نووسەرەکانم دانیشم.. کە گەیشتمە ئەوێ بینیم دوو شاعیرو هەرتك رەخنەگرەکانیان دەستیان ناوەتە بینەقاقای یەکترو کورسیو مێزەکان هەمووی تێك چووبوون، ویستم لێکیان بکەمەوەو هێوریان بکەمەوە، هەر ئەوەندەم زانی مستێکم تێ سرەوێنرا، دەرپەڕیمو بەکتێبخانەکە کەوتمو هەرچی کتێبو چی نووسراوی تیابوو بەسەر یەك دارمان،



ئەودەم دەبە نەوتێکی لێبوو، جگەرەی دۆستە حەشاشەکانیش کەوتە سەر کاغەزەکانو هەمووی داگیرسا.. تا ئاویان هێناو کوژاندیانەوە، هیچ نەما تەنها پێنج شەش پارچە کاغەزی بچووك نەبێ کە بەبێ نازی لەسەر زەوییەکە چاوەڕوانی دەستی منیان دەکرد.. کە کۆم کردنەوەو لەتەنیشت یەکترم دانانو سەیرم کردن پیتەکانم بەم شێوەیە خوێندەوە.. (ر) هێنام دامنا پاشان (ە)و ئینجا (خ) دوای ئەمە (ن)و پاشان (ە)... ئەمەم لەسەر زەوی زۆرانبازییەکە کرد بە تابلۆیەكو رۆژنامەنووسەکەش هات بۆ رۆژنامەکەی خۆیان کردی بە ڕاپۆرت.

* تێبینی: دەکرێ لەجیاتی ئەم رۆژنامەنووسە ناوی هەر رۆژنامەنووسێك بنووسی کە تۆ بەدلّتە... ئەگەر خۆشت رۆژنامەنووسی ئەوا دەکرێ ناوی خۆت بێ.

## مەیخانە

تا دوای نیوەڕۆ بۆ مووچەیەك کاری دەکرد.. دوای ئەمەش بۆ مووچەیەکی تر... ئێوارانیش بوو بوو بەمیوانی هەمیشەیی یانەی راگەیاندن.. شەوان دوای ئەوەی دەبوو بەگالّتەجاڕی مەردوومەکانی ئەوێ بەچوار دەستە لاشەکەی هەلّدەگرنەوەو فڕێی دەدەنەوە پێش مالّەکەی خۆی.. خێزانەکەی لێی بێزار بووبوو، هەندێك شەوان دەرگاشی لێ نەدەکردەوە تا بەیانی

لەبەر دەرگای ماڵەوە هەڵدەکورما.. بەیانیان هێشتا هەر مەست بوو کە بەرەو دایەرە شۆڕی دەکردەوەو لەوێ لەفەیەکی سەفەری دەکردە قاوەلتی..
ئێواران کەباوکەکان دێنەوە مناڵەکانی گەڕەك هەموو بەهەلەکە سەماوە بە پیریانەوە دەچنو کەچی کوڕو کچەکەی ئەو وەك هەتیو بەهەنسکی گریانەوە بەرەو باوەشی دایکیان دەبنەوە.. ڕۆژێکیان (بێ کەس) لەدایکی خۆی پرسی: (دایە گیان ئەوە بۆچی باوکی ئێمەش وەك هی مناڵەکانی گەڕەك نایەتەوە ماڵ؟!)... دایکیشی ویستی دڵی بداتەوە بۆیە وەڵامی دایەوەو گوتی: (ڕۆڵە گیان ئیشی هەیە کە ئەو دێتەوە ئێوە خەوتوون..) ئەمجارە (خەندە) لەدایکی پرسی: (دایە گیان باوکی ئێمە چۆنە تووڕەیە یان دڵخۆشە!!.. قەڵەوە یانیش لاوازە..!؟..تاد).. دایکیشیان چیتر بەرگەی ئەم پرسیارانەی نەگرت بۆیە بەچاوی پڕ لە گریانەوە وێنەی لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان نیشان دان.. بەڵام سەری لەوە سووڕمابوو نەیدەزانی لە چ کاتو شوێنێك ئەم نووسینانە ئەنجام دەدات!.

## شێتی هۆشمەند

خۆیو کتێبەکانی بن هەنگڵی هەمیشە لەگەڵ شەقامەکانی شاردا سەرەتاتکێیان دەکرد.. ڕۆژێکیان دەستەکانی خۆی لەسەر چاوەکانی کردبووە سێبەرو وەك دووربینی پێبێت



ئاوەها سەیری خۆری ئاسمانی دەکرد.. لەگەڵ خۆی دەدوا.. پرسیاری ئەم گەردوونەی دەکرد.. جارجارەش لەبەرخۆیەوە پرتەو بۆڵەی دەکردو گەشکەی بەرز دەکردەوە.. هەندێك جاریش دەگریاو هاواری دەکردو خەڵکەکەی دەدواندو لێپێچانەوەی لەگەڵ دەکردنو ڕاستو چەوتی فێردەکردن.. هەندێك جاریش عەقڵی نەیدەگرت جوێنی بەخۆیو هەموو خەڵکەکە دەدا.. هەندێك جاریش دەچووە سەر شوێنێکی بڵندو دەبووە پاشای مەملەکەتو خاوەنو بنیادنەری ئەم میللەتە.. ئەم ئێوارەیە کە گەیشتینە بەردەم (مەچکۆ) چاوەکانی خوێنیان لێ هەڵدەڕژا، شەقی هاریلە کورسیو مێزەکانیش هەڵدەداو جوێنی بە نووسەرە قەڵەم فرۆشەکان دەدا..
لەناکاو برادەرێك بانگی کرد ((ڕۆڕۆ...ڕۆڕۆ...)) بەڵام ئەو وەك گوێی گران بێ هیچ وەڵامی نەدایەوە، ئەمجارە شیعرە بڵاوکراوەکەی بەلاپەڕەی کراوەیی ڕۆژنامەکە نیشان دا، وەك ئاگرێك ئاوی بڕژێنێتە سەر یەکسەر سارد بووەوەو چوار مەشقی لەسەر تەختەی چایخانەکە دانیشتو دەستی کرد بە خوێندنەوەی بابەتەکەیو برادەرەکەشی بەچایەك داوەت کردو داواشی لێ کرد بۆ پێویستی بایی بەخشیشەکەی ئەم بابەتە پارەی بەقەرز بداتێ تاوەری دەگرێ.

## جۆکەر

مانگێك زیاتربوو بەردەوام سەیری گۆڤارو ڕۆژنامەکانی دەکرد، لەوێوە نووسنیەکانی ئەو زاتە لەچاوەکانی دەچەقین بۆیە بەفیزێکەوە دای دەنانەوە جێگای خۆیان.. خۆشی نەیدەزانی بۆچی ئەم پاڵەوانە لێی بووە بە مۆتەکەو سواری سەرملی بووە... پێی سەیر بوو ئەوێك کە نەتوانێ تەنانەت ناوی سەرجەم گۆڤارو ڕۆژنامەکان بژمێرێو بزانێ ئەو زاتە چۆن دەتوانێ باراش بۆ هەمووان لێ بکاو بەسەر هیچیان دا باز نەدات، تەنانەت لە ژمارەیەکی نوێی هەر یەکێکیاندا ئەگەر بابەتی نەبووایە لە بژێوی ماڵو منداڵەکانی دەیبڕی هەر ڕۆژێکیان بۆ هەوەس دەستی دایە گۆڤارێکی دەرەوەی هەرێم بەم نیازەی کە ئەوی تیا نەبێ، کەچی کە لاپەڕەکانی هەڵدایەوە لەوێش ماندوونەبوونی لەگەڵ کرد.. بێزاربوو.. ڕقی لەهەموو گۆڤارو ڕۆژنامەکانیش بووەوە.. بەخەمبارییەوە لە چایخانە دانیشت.. برادەرەکەی کە زانی چی لەدڵ دایەو بەکزی بینی لێی هاتە پێشو ئەمیش بەمجۆرە ڕازەکانی لەمەڕ کابرای نووسەر هەڵڕشت: (ئەو مامۆستا نووسەرە!! ئەو زاتە لەخۆ ڕازییە کە هەمیشە بەشانو باڵی خۆیدا هەڵدەداتیو هەڵوێستی شۆڕشگێڕیو پاکیو نیشتمانی بەوادێتر دەفرۆشێ، لەگەڵ نووسینو کردەوەکانی زۆر هاوتەریبن) من دەزانم هەموو سەرە



مانگێك دەچێتە پایتەختو پارە قەڵپەکانی هەموو گرد دەکاتەوەو لەبازاڕی شیخەڵڵا دەیانگۆڕێتەوە..).

ئەمیش وتی: (وەڵڵا ڕاست دەکەی مامۆستا ئێمە تەنها ئاگامان لەم نووسینانەی هەیە کە بەناوی خۆی دەیان نووسێ ئەدی ئەوانەی بەناوی دەمامکدارەوە دەیاننووسێ!! چ بزانین دژی بیروباوەڕو میللەتەکەی خۆشی نانووسێ!!) ئەوان بەم قسانەدا بوون نووسەری گۆڕین دیارکەوت، بۆیە بەجووتە چایخانەکەیان بۆ بەجێهێشت.

## کارگەی شیعر

بەردەوام نووسینی بۆ ڕۆژنامەکە دەنارد، کەچی هەمیشە بەرهەمەکانی لەناو تەنەکەی بن مێزی لێپرسراوی لاپەڕەکە دەدۆزرایەوە.. خەریك بوو واز لە شیعر نووسین بهێنێت، بەڵام ئەو برادەرەی پێش ئەو نهێنییەکەی زانیبوو بۆ ئەویشی درکاند.. زۆری پێ نەچوو خۆی بەخاوەن داوەتی یانەی ڕاگەیاندن دۆزییەوە.. لەگەڵ ئەو شاعیرەی لێپرسراوی لاپەڕەی ئەدەب بوو واپێکهاتن، کە ببێ بە کڕیاری هەمیشەیی لاپەڕەکەو هەر دە دێڕە شیعر بەرامبەر چارەکێك عەرەقی قاچاغ بێت.. وای لێهات موشتەری تر زۆر پەیدابوون ئەوەی شیعریشی نەزانیبایە بەنرخی زیاتر بۆی دەنووسراو لەم ڕۆژنامەیەدا مۆری شاعیرێتیو ناوبانگی بۆ جاڕ دەودرا.. بوو بە کارگەی دروست کردنو بەباڵا بڕینی شیعر..!!.

## نهێنی

دانیشتووانی چایخانە پێیان سەیر بوو، نەیان دەزانی نهێنی ئەو ڕەخنەگرە لەچی بوو، کە پێشتر هەموو دەم بەڕقەوە باسی نەزانینی دەکرد...کەچی ماوەیەکە گۆڕانێك لەئارادایە، ڕەخنەگری تاین بەجۆرێکی تر بەشان و باڵیدا هەڵدەداو شیعرەکانی لەگەڵ شیعری جیهانی بەراورد دەکات... سەیرە دوێنی چۆن وەسفی دەکردو ئەمڕۆش چی لێ دەکات؟!.

خەڵکینە منیش وەك ئێوە پرسیاری ئەم نهێنییە دەکەم و لە لوغزەکەی نەگەییووم بەڵێنتان پێ دەدەم هەرکاتێك ئەو نهێنییەم زانی لەکورتیلە چیرۆکێکی تردا بۆتان بدرکێنم، چونکە من هەمیشە لەگەڵ ئێوەدا دۆستایەتیم بەردەوام پێدەدەم...من قەرزاری ئێوەم بەم نهێنییە... نهێنی ڕەخنەگرێکی ئەم سەردەمە!!.

## حەربا

هێشتا بەڕێ نەکەوتبوو بۆ هەندەران..ئەو شەوە لەگەڵیا دانیشتبووم و داوەتییەکەمی قبووڵ کرد من زیاتر مەبەستم ئەوەبوو لەنهێنی ئەو بایەخ پێدانەی ئەو بکەم، لەشوێنێکی گفتوگۆماندا ویستی قەناعەت بەمن



بێنێ، کە گرنگ لای ئەو گەیشتن بەهەندەرانە بۆیە ناوەندی دارەکەی گرتووەو لەهەردوو لاش دەخواو هانی منیش دەدات، وەکو ئەو بم، بۆیە جانتاکەی کردەوەو گەڵاکانی هەردوولای نیشان دام ئینجا ڕێگای سواڵ کردن و چۆنیەتی خۆ گەیاندنی بە پیاوە گەورەکان فێرکردم و چۆن لای (أ) خۆشەویست دەبم و لای (ب)ش بەهەمان شێوە لە ڕاگەیاندنیش بەهەمان شێوە جێگای بایەخ پێدانی هەموو لایەك بم... بەردەوام ئەم ڕێگا دبلۆماسییانەی بۆ ڕاڤە دەکردم... بەڵام من چیتر خۆم بۆ ڕانەگیرا نەمزانی نەلەبەرئەوە بوو، کە سەرخۆش بووبووم نە لەبەرئەوەش بوو، کە بیرکردنەوەم لەگەڵ ئەو برادەرە یەکی نەدەگرتەوە، بۆیە وەك ئەوەی لەناو جەماوەر شیعر بخوێنمەوە یان گوتاریان ئاراستە بکەم ڕووم لە دانیشتوانی یانەکە کردو گوتم: (بەڕێزان تا تەواو سەرمەست نەبووینە با نوێنەرەکەی خۆتان پێشکەش بکەم). ئەو سەری سوڕمابوو دەیویست بەهەر جۆرێك بێت کپم بکاتەوە، بەڵام من دیسان تێی هەڵچوومەوەو گوتم: (ئەوەیە نوێنەری ڕاستەقینەتان ئەو کەڵە نووسەرەی، کە توانیویە زۆر بوێرانە ناوەندی دارەکە بگرێت و وێنەی ببێتە ڕەواجی هەمیشەیی گۆڤارو ڕۆژنامەکانمان... بۆ ئەوەی زیاتر شارەزای بن، ئەو برادەرە ناتوانێت دڵی کەس بڕەنجێنێت، بەتوانا و وەستا و پسپۆر لە کەف پێکردنی سابون، زوڕناژەنی بەئەدەب و داهێنەری نووسین و نوێنەری ئێوەی نووستوو..

جەنابی (حەربا)ی مرۆڤو فەیلەسووفو شاعیرو چیرۆك نووسو هزرڤان)..ویستم زیاتری بەخەڵکەکە بناسێنم، بەڵام ئەو بەمە توانی بموەستێنێت، کە یانەی بەجێ هێشتو خەڵکەکەش بەچەپڵە دایان نیشاندم، جا نەمزانی ئەم چەپڵانە بۆ من بوون یانیش بۆ جەنابی (حەربا)؟!.

## خۆشەویستیو ڕق

هەموو لەچایخانە دانیشتبوون، نووسەرە درۆزنو ڕاستگۆکان، دەمامکدارو بێ ماسکەکان، قەڵم فرۆشو قەڵەم جوانەکان.. ئەو برادەرە هاتە تەنیشتمەوە زۆر بێزار دیاربوو، ویستم باسی ئەدەبی لەگەڵدا بکەم کەچی ئەو زۆر پێخۆشحاڵ بوو کە بەقسەم کردو لەم کەشو هەوایانە دوورکەوتینەوە.. ئەو لێرە نەبوو وای دەزانی گەر بێتەوە نیشتمانەکەی ئەوا ئیتر پاکیزەو فریشتەکان سروودی سەرکەوتنی بۆ دەچڕنو قەڵەمی خۆیان دەکەن بە نانی هەژاران.. ئەوەندەی کە لێرەیە لەئێمە زیاتر هەڵیسەنگاندوون، هەڵسووڕاندنی ئەو گۆڤارە وەهای بۆ ناساندوون کە قێزی لەهەموو شتێکی پاکیش ببێتەوە، بڕیاریدا چیدی مەرەکەبت نەکاتە پێنووسەکەی کەچی لەتەنیشت ئەوەوە ئەو مامۆستایەی عەشقی چیرۆکە دانیشتبوو ئەوەندەی باسی چیرۆكو داهێنانو مرۆڤە پاکەکان کردو بۆ پاکی پێنووسەکانی سووتابوو.. منیش بووم بە عاشقێكو ئەوانەی هاوڕێکەم باسی



کردنو قێزی لێ دەکردنەوە ئەوا بڕیارم دا نەفرەتیان لێ بکەمو ئەوانەی برادەری دووەمیش باسی کردن درووديان بۆ بنێرمو گوڵبارانیان بکەم.

## قسەو کردار

هەمیشە خۆی لە چەقۆی دەسەڵات هەڵدەسوو لە لای خەڵکیەوە یەکەیەکە پێیان دا دەهاتو گلەییوبوختانی بۆ فرێ دەدان.. لە چایخانەداکە لە ناو ئەم هەموو ئەدیبو ڕۆشنبیرانە دادەنیشت بێزی لەو کەسانەش دەبۆوە کە هاموشۆی لێپرسراوانیان دەکردو نوسەرانی بە پێچەوانەی ئەو زاتانە لە قەڵەم دەدا.. ڕۆژێکیان بە ڕێکەوت لە لای لێپرسراوێك دۆزیمەوە کە نە لە دوور نە لە نزیك پەیوەندی بە نوسەرانەوە نەبوو هەتاوەکو گاڵتەشی بەو توێژە دەهاتو نەیدەزانی کێن؟. بگرە تاکە ڕۆژنامەیەکی نەدەخوێندەوەو.. کەچی ئەو پشتی خۆی ئەوەندە بۆ نەوی کردبوو خەریك بوو لەگەڵ مێزەکەی بەردەمی یەك ئاستیان وەردەگرت. ئەو زاتە یان ئەو پاڵوانەمان ئەوەندەی پیا هەڵدا وەك ئەوەی نانی هەژارانی گشت کوردستانی دابین کردبێ، وەك ئەوەی تاقە خەمخۆری ئەدیبان بێت.. دوای ئەم ستایشە کابرای پشت مێزەکە بە فیزێکەوە سەفتەیەك پارەی لە گیفانی خۆی دەرهێناو خستیە باخەڵی. کە سەیرێکی ئێمەی کرد ئارەقەی شەرمەزاری هەموو گیانی تەڕکردبوو. وەك

کەوانەیەکی چەماوە پشتی خۆی پێ ڕاست نەکرایەوە.. کە چووە دەرەوە ژوورەکە پڕبوو لە دوعاو پاڕانەوەو سوپاس..!.

## تیغی زوبان

بە ڕێکەت لە ناو کتێب فرۆشاندا کتێبەکەی ئەو شاعیرەی کەوتە پێش چاوان، ئەو برادەرەش هەرچی قسەی خراپ و نابەجێ هەبوو هەمموی دەقەبەڵ کرد، منیش سەری خۆم بۆ لەقاندو هیچ وەڵامێکم نەدایەوە چونکە لەو بڕوایەدا بووم کە قسەکانی پێچەوانەی ئەو کەسەن کە من گەلێك هاوڕێی نزیکتری ئەوم و لە نزیکەوە ئاشنای بووم.. ئێوارە لە چایخانە لەگەڵ ئەو شاعیرە دانیشتبووم کە ئەو باسی دەکرد– کە هات و دیقەتی ئێمەیدا یەکسەر باوەشی پیاکردو ماچی کردو بە شاعیرێکی بەرزی میللەتی ناوزەند کرد.. ئێستاش نازانم ئەو دوو ڕوانینە هۆکەی ئەوەبوو ئەو وایزانی من قسەکانیم گێڕاوەتەوە یانیش هەر خۆی هەمیشە بۆ ئەو خەڵکە دوو لێدوانی هەیە زوبانی تیغێکی دوو سەرەیە.. هیچم پێنەما ئەوەندە نەبێ کە لە خوا بۆی پاڕامەوە بەڵکو ئێ خوا ئەو زمانە دوو سەرەی لێ بسێنێتەوە ئەم پەتایەش لەناو برادەرانی تری چایخانە بڵاو نەبێتەوە..!.

جەژنی بڵاوکردنەوە



ساڵێك زیاتر بوو بەردەوام هەموو ڕۆژنامەو گۆڤارو تەنانەت ئێزگەو تەلەفزیۆنەکانیشی بەسەر دەکردەوە.. هەمیشە لە پۆستەی خوێنەران وەڵامی دەدرایەوە، جاری واش هەبوو کۆپلەیەکیان بۆ بڵاودەکردەوە.. کەچی ئەمجارە بە ڕێکەت دوای نوسینی هەزاران هەزار شیعر لە ڕۆژنامەیەك بۆیان بڵاوکردەوە.. هاتە ناو بازاڕو پەنجا دانە لەو ڕۆژنامەیەی کڕی و لە چایخانەی مەچکۆ یەك یەك دەیدایە نووسەرەکان و فیزێکی دەنواند. ئەجا بە پێشنیاری برادەرەکەی دوو ژمارەی شیعرەکەی لە جام و چوارچێوە گرت و لە چایخانەدا لەسەر سەری ئەدیبان هەڵیواسی!!.

# دوو بۆڵە ترێی سووری دەمی خوا

## جەزا چنگیانی

غەمم لەوەدا بوو. من دەمریست بیمژم، ئەو نەیدەهێشت، دوایی زانیم ئەو راستەو من هەڵە. دوو بۆڵ لە هێشووە ترێیەکی دەستی خوا. ترازانە زەوی‌و بەڕوی ئەودا لکان. بوون بە دوو لێوی تەڕو سووری ناسکی ڕوویەکی جوان. کە منداڵ بوو، بە جوانی ڕووی خۆی نا ئاشنا بوو، منداڵێکی بزێوی باڵابەرز، دوو چاوی شینی گەش، قژێکی پڕ شەپۆلی درێژ. ڕۆژێکیان بە ڕێکەوت لە بەردەم ئاوێنەی ژووری گەرماوەکەیاندا سەیری خۆی دەکرد. لەناو ئەندامەکانی ڕوویدا لێوەکانی لە هەموویان زیاتر لا جوان‌و بە دڵ بوو، بزەیەك گرتی‌و لێوەکانی فراوان بوونەوە، زانی نهێنی جوانی ڕووی بە دەم‌و لێویەتی، لە تەك وێنەکەی خۆیدا کەوتە گفتوگۆیەکی بێ ووشە. بە ئەسپایی سەری زمانی باریك کردوە لێوەکانی پێ ختوکە دا. نەرم‌و نیانی‌و تەڕی‌و پاراوی لێوەکانی بە رۆح ئاشنا کرد. وەك زیاتر



دڵنیایی بە خۆی بداو راستگۆی زمان‌و ناسکی لێوی بۆ دەرکەوێت. دڵی پەنجەیەکی بە لێوەکانیدا خشاند. جارێکی تر زمانی لە ناو دەمی‌دا تەڕکردو بەسەر پانتایی لێوەکانیدا هانی‌و لێوەکانی بە تەڕایی زمانی ڕەنگیان سوور هەڵگەڕان، هێشتا منداڵبوو بیری لە بەکارهێنانی ڕەنگی لێو نەکردبۆوە، کەچی ڕەنگی لێوەکانی وەك سووراو کرابێتن ئاوا ئاڵابوون. دەستێکی بە برۆکانی‌دا هانی‌و چاوەکانیشی خستە ژێر سەرنجی بینینەوە، ئەم بەشەشەیان جوانەو بێهەڵگرتن برۆکانی هاوسەنگی وێنەیەکی جوانی چاوەکانی کێشابوو. پەنجەیەکی دەستی کرد بە شانەو لەژێرەوە شەپۆلی قژەکانی پێداهانی، هەموو پارچەکانی ڕووی (_چاو، لوت، لێو، ڕوومەت‌و قژی) تێکەڵاو کردو وێنەی ڕووی کیژۆڵەیەکی تەمەن خونچەی کێشا. کەمێك لەخۆی ڕاما، قریوەیەکی کردو ئاوێنەکەی بەجێهێشت. لەناو دەرگای گەرماوەکەدا وەك پێ بڵێ جارێکی تر دێمەوە بۆ ژووانت ئاوڕێکی لە ئاوێنەکەدایەوە. لەسەر قەنەفەی ژوری میوانەکە بە پشتا پاڵکەوت، دەستێکی خستە ژێر سەریەوە، دەستێکی خستە سەر نەرمایی سکی بەدڵی پەنجەیەکی ختوکەی پێستی سك‌و نەرمۆڵەکانی دەوری ناوکی دەدا، لەتەك نەرمە خایاڵیدا گەمەی بە لاقەکانی دەکرد، بیری لە قۆناغی نوێی ژیانی دەکردەوە، پرسیارێك هەستی ڕاچڵەکان‌و قاچەکانی لە جووڵە خست، هەر بە پاڵکەوتنەوە کەمێك سەری

بەرزکردەوە بە دەستێکی یەخەی بلوسەکەی فراوانکردو دووگۆپکە پەمەیە تازە هەڵتۆقیوەکەی سەرسنگی. حەزێکی گڕاوی بۆ بینینی جەستەی لا دروستکرد. لەسەر قەنەفەکە ڕاپەڕیو بە پەتاو بەرەو ژووری گەرماوەکە ڕایکرد. دەرگاکەی لەسەرخۆی داخست، چووە بەر ئاوێنەکە، بە پەلە بلوسەکەی داکەن، جووتی گۆمەزی هەڵتەقیوی گۆپکەداری پەمەی سەرسنگی بە قنجی بینی، لێمان ڕاماو بەئاستەم بە پەنجەیەکی دەستی ڕاستی ختوکەی گۆپکەی مەمکی چەپی دا، وەك قەبارەی بپێوێ مستی پێداکرد، خۆی بە خاوەنی سامانێکی مەزن دانا، بیری لە ناوكو خوارتری جەستەی کردەوە تائێستا بە هەستەوە دیقەتی گەنەمووە ئاڵوسکاوە نەتاشراوەکانی بەر موسەڵانای نەدابوو.. زنجیری پانتۆڵە کابۆکەی ترازان، تاسەر ئەژنۆکانی ڕووتیکردو بەئەسپایی دەرپێ کورتە تەنکەکەی داکەن، هەناسەیەکی بە تووکە ئاڵوسکاوە پلیشاوەکانی ژێر دەرپێکەی داو گومەزەگۆشتنە خرپنەکەی بەرموسەڵانی کەمێك گومەزتر بوو، مستی پێداکردو کەمێك بێخی تووکەکانی ختوکەدا. چونکە یەکەم جاربوو لەویستی ڕۆحییەوە دەست بۆ بەرموسەڵانی بەری شەرمدا گرتو لەناو ژوورە تەنیاکەی گەرماوەکەدا ئاوڕی شەرمی بەلای چەپو ڕاستی خۆیدا دایەوە، پشتی کردە ئاوێنەکە، لە دواوە ڕووانییە گۆپکەی سمتە قنجەکانیو چەند جارێك بە لەپی هەردوو دەستەکانی



هەڵیگلۆفتن. هەموو دیمەنە شاراوە جوانەکانی لەشی خۆی بینی. بڕیارپیدا کوڕێکی قۆزو جوان نەبێ ڕێگە نەدا هیچ پیاوێکی دەمو لێو زبرو بلح پەی بە ئەندامەکانی لەشو لێوە ناسکەکانی نەبا، هێندە شەیدابوو دوای چەند ساڵێ ئەم بەڵێنەی خۆی لەبیر چووەوە. گەلێك لێوی زبر، لێوەکانی هەڵمژی، گەلێك دەستو پەنجەی تووکاوی شلکەی مەمکەکانو گۆپکەکانی تۆران، گەلێك زمانی پیاوی بەلح گۆپکەکانی سمتو ناوشانو سنگی لستەوە، خەرمانەیە درۆی پیاوێکی لەمێژوویدا کەلەکەکرد، چەندەها ژوانی بە کۆرپەی سەربڕی، بەشی لە تەمەنی بەبێ هەناسەی عەشق بەرێکرد.

(نازانم، دەکرێ لێوو لەشی من تایبەت بێو پیاوان لە نهێنییەکانی نەگەن، بۆیە تائێستا پیاوێك نەیتوانیوە وەك من گەرەکمە کۆرپەی ڕۆحم بلاوێنێ).

لەبەر ئاوێنەکەدا وەستابوو تووکەکانی سەری پرژ دەکردو بەدوای ژمارەی مووە سپییەکانی سەریدا دەگەڕا، هەر کاتێك تووکێکی سپی زیاتری ببینایە، دڵخۆشی خۆی بە جوانی لێوەکانی دەدایەوە.

(با پیریش بووبێتم، لێوەکانم هێندەی لێوی کیژۆڵەیەکی خونچە تەمەن ناسکترە).

ژووانی یەکەم: لەژیانیا یەکتریان نەبینی بوو تەنیا لە دوورەوە لەیەکێ لە هاوڕێکانی ناوی بیستبوو، هاوڕێکەی هێندە باسی

ڕۆمانسیتو ڕۆحو ناسکی ئەوی بۆ کردبوو بە پەنجەکانی دەستی ڕۆژی هاتنەکەی دەژمارد. پێش بینین لە دەروونی خۆیدا وێنەی پیاوێکی کێشابوو کە جیاواز بوو لە گشت ئەو پیاوانەی تا ئێستا ڕۆحو لەشیان توڕاندبوو. ژوانێك دروست بوو. لەقاوەخانەیەکدا دانیشتبوون تا کاتی ژووانەکە کەمتر ببوایەتەوە، میلی کاتژمێرەکەش خێراتر دەبوو. لەناکاو هاوڕێ میوانەکە ڕاچڵەکیو بەرەو خانمێکی شۆخی قژ سوورو چاوشین ڕۆیشت باوەشێکی هاوڕیانەیان بەیەکدا کردو لە دوورەوە ئاماژەی بۆ میوانەکە کرد، بەیەك ئاشنا بوون، لێك نزیك بوونەوەو دەستی ڕێزی ماچکرد، هەرسێکیان لەدەوری مێزێك خڕبوونەوە چاوی شینی ئەمو قاوەی میوانەکە لە ووشەکانی سەرزاریان زووترو ئازاتر ویستی هەردووکیانی ئاشکراکردو لەیەکەم سرپەی هەناسەیاندا تەزو ووزە شەهوەتاوییەکانی ڕۆحیان تێکەڵاو بوونو نیگاو بزەو حەزو ڕۆحیان بەچڕی تێکەڵاو بوون هاوڕێکەیان کەوتە کەنارەوە. کورسێکەی وەچەرخانو چاوی بەناو قاوەخانەکەدا دەگێڕا. بۆ ئەم باسکردنی ناسکی لێویو جوانی چاوی ڕستەیەکی نامۆو نویێ نەبوو، چونکە لەسەرەتای هەموو ژوانێکی نوێدا پیاوان باسی لێویان دەکرد. بەڵام ئەم وانەبوو پێش ووتنی تاقە ووشەیەك پردی تەزوە ڕۆحیەکانیان زۆر توونددەروونی



هەردووکیانی پێکەوە گرێدا. چاوەکانیان تێریان لە یەکتری نەدەخواردو بێدەنگیش چرکەکانی جەڕاندبوو.

– بۆ بێدەنگی میوانەکە ووتی

– بزەیەك گرتی وەڵامی نەدایەوە وەك گەرەکی بێت ئەو سەرەتای چیرۆکەکەیان بنووسێتەوە. بەدەنگێکی نێرینەی ئارامەوە ووتی:

– تۆ دەزانی ئەگەر لێوەکانیشت نەجووڵینی، ووشەیەك نەدرکێنی، لێوەکانت بەبێ دەنگی سرپەی شیعرێکی ڕۆمانسی بەرۆحدا دەچرپێنن؟.

(چاوەکانی گەشتر کردو زەردەخەنەیەکی سووپاساویو بزەیەکی نازداری بۆ ئەو سەرنجە جوانانەی لێوی پێشکەشکرد، دەستی خستە سەر دەستیو بەدڵی پەنجەو نینۆکە سوورکراوەکانی ختوکەی بێخی توکەکانی دەستو مەچەکی دەدا).

– زۆر پیاو باسی ناسکیو جوانی لێویان کردووم، بەڵام کەسیان هێندەی ئەم ڕستانەی تۆ ڕۆمانسیو شاعیرانە بە وشە لێوەکانمیان نەمژیوە.

دەیزانی لەناو چاوەکانی قاوەخانەکەدا ملوانکەی ماچەیان ناهۆنرێتەوە.

(ئێوارەیەو کۆترە عاشقەکانی ئەم شارە پڕ شۆخە، سەمای باوەش بەدەوری چرکە داهاتووەکانی رۆحی دوای زەردەی ڕۆژ دەکەن).

لەداخوازی دڵی گەیشت.

داوای لێبوردنیان لە هاوڕێکەیان کردو قاوەخانەکەیان بەجێ هێشت، بێ هیچ ئامانجێ بەتەنیشت یەکەوە شەقامە سەرەکییەکەی شاریان دەبڕی.

– ئەمە یەکەم جارە بێت بۆ ئەمشارە؟.

– نا دووهەم جارە، وەڵێ یەکەم جارە لەرۆژی یەکەمەوە ئەم شارەم خۆش بوێت.

– تەنیا شارەکە.

– نا.. هەناسەی کۆترە عاشقەکانی.

– کام کۆتری عاشق؟

– بڕوانە ئەم شارە هەمووی عاشقن. ئەم هەموو جەستە باوەش پیاکراوانە گشتی عەشقن.

– ئەی تۆ؟

– منیش.

– عاشقی کێی؟

– هی ئەم ژوانە رۆمانسییەی تۆ.

پرسیارو وەڵامەکان بواری ناسینی مێوانیانی کورت کردەوەو کردوونی بە ئاشناو شەیدایەکی تەمەن درێژ. پەنجەکانیان



شەرمیان شکابوو، تێکەڵاوی یەکتری ببوون و شەرمە رۆحییەکان ترسە زبرەکانی پیاوە بلحە درۆزنەکانی مێژووی، لە کۆڵ دڵە خۆرپەی حەزی ماچ و باوەش کردەوە. باوەشیان بەیەکدا کردبوو، سەریان هێندە لەیەکەوە نزیک بوو تووکە ڕەش و سوورەکانی سەریان، پێش جەستەیان تێکەڵاوببوون؟

– بۆ کوێ بڕۆین؟

– ئەو شوێنەی هەستە رۆمانسییەکان تێیدا گەشە بکەنو دەبێ ئیمشەو تۆ ڕێببینم بی بچین بۆ ئەو شوێنەی بڤە نەکەنە بەری ماچەکانمان؟

کە وشەی ماچی دەبیست موچرکە بەرۆحی دادەهات، موچرکەی حەزو موچرکەی ترس، لەبەرئەوەی زۆر لێوی زبر، لێوەکانی ترساندبوو، لەمێژەوە مەڵۆی حەزی ماچی رۆمانسی لە رۆحیا خەرمانەی خستبوو چاوەڕێی شنەبای دەروونی نێرینەیەکی بەهەست بوو ئاخر وایە هەموو پیاوێك نازانێ ماچ بکات، چونکە ماچ هونەرە. تەنیا مژینی گۆپکەو شوێنە ناسکەکانی لەش نییە. ماچ هەڵمژینی رۆحە، ڕۆحیش زۆر ناسکە. بۆیە تەنیا هەستە ناسکەکان دەتوانن پەروەردەی بکەن یانی عاشق هونەرمەندی ماچە. ئەمانەو هەزارەها ڕستە ویستی دڵی چاوەڕوانی بەستبووەوە بە رۆحی میوانێکی کەم تەمەنی شارەکەیەوە. بیری لە قسەکانی هاوڕێکەی دەکردەوە. (ئەگەر ئەو میوانە دوورە وڵاتە هات ئاگات لێبێ، ئەو قەدەرێکە

تەنیایە، وەلی لەبەر گڕی حەزە دەروونێکاندا دەواری حەزی هەڵداوە، ئاگات لێبێ. ئەو میوانە دوورە وڵاتە نووسەرێکە ڕستەکانی دەکات بە چاوەزارو لە گەردنی عاشقانی ئەم دنیایەی دەدا، خەمخۆری زەردەخەنە تۆراوەکانی مرۆڤە، زۆر عاشقی گۆپکە. لێو، بنباخەڵ، بەرمووسەلان، تاڵ تاڵی بۆنی قژی ئافرەتە. زۆر ناسکە ناسکترە لەو هەستەی تەمەنێکە تۆ وێڵی بە دوایدا).

بەبێ دەنگی گەیشتنە قەراخ ڕووباری (نێڤا NEVA) ئاوڕێکی لێدایەوە پێش ئەوەی لێوەکانی وشەکان پەرش بکات بە شنەیەکی شینی چاوەکانی با ئەم ئێوارە ناسکەمان لەنێو ڕووبارو بەلەمدا بنەخشێنین.

ئێوارەیەو کزەبایەکی بەئاستەم گەرووی شارو بالای ڕووبارەکەی گرتبوو، لەناو بەلەمەکەدا پێکەوە لە تەنیشت یەکەوە دانیشتبوون نێوانیان تەنیا بە ڕەنگی بەرگەکانیاندا جیادەکرایەوە، دەستێکی لە دەستیدابوو دەستێکی تریشی لەسەر شانی وەك دوو عاشقی ئاشنای چەند ساڵ لەیەك دابڕاو جووت بوون. ئەم زیڕەی بۆ لێوەکانی ئەو کردبوو، ئەویش سووتاوی هەڵمژینی هەناسەی ئەم میوانە تازەیە بوو. ملی لار کردەوە ڕومەتی ماچ کردو ئەویش سەری کەمێك جوڵاند تا لێوە قاوەییەکانی فراوانترین پانتایی ڕوومەتی بگرێتەوە. لێوەکانی بەرەو سەرەوە خشاندو چەپکی هەناسەی گەرمی بەگەردنیا



پژانو شلکەی گوێکانی مژی. تا ماچەکان کاتیان زۆر بوایە ئەو ئەوەندا بە گوشینی پەنجەکانی ڕەزامەندی ماچەکانی ئاشکرا دەکرد؟ زۆر شارەزابوو لە هەڵبژاردنی شوێنی ماچەکان، هەموو ڕەگە وردیلەکانی ڕۆحی لێوی دەزانی ماچی دەکرد. کە گەیشتە سنوور لێوەکانی موچرکەیەکی ناسك گرتی و پەنجەکانی خستە سەر لێوە قاوەیەکانی و بەچاو پێی ووت (هێشتا زووە بۆ ماچی ناو دەم. دەزانم مامۆستای ماچی، ئارام بگرە تا ترسی ماچە زبرەکانی پیاوە بلحەکانم لەیاد بچێ).

سەریان نابوو بەسەری یەکترییەوە پێکەوە دەیان ڕوانیە شەپۆلی ڕووبارەکەو هەریەکەیان بەجیا بیریان لەچەند کاتژمێری داهاتووی دوای سەفەری سنگی ڕووبارەکەو شەو دەکردەوە.

– نا ئێمشەو ماچی ناو دەمی نادەمێ... تا ژوانی بەیانی حەزی بکوڵێ، هەناسەی دەروونی بمسووتێنێ، تا ژوانی بەیانی ماچی ناو دەمی نادەمێ. تا حەزی سووریی دەبێتەوە. ئای کە خۆش دەبێ بەو هەموو گڕەوە ناو دەمم بمژێ.... نا ئێمشەو ماچی ناو دەمی نادەمێ.

– نا با ئارام بگرم، بالێوەکانی بۆنی شەرابی خواشی لێبێ، دیارە زۆر ترساون زۆر بە لێوی نەشارەزای پیاو ڕوشاون. ئا وایە شەرابی لێوەکانی تا کۆن بن تامی خۆشترو کاری مەستی زۆرتر دەبێ.

ژوانی دووەم: وەك حەز بە ئازاری چاوەڕوانی بکات، پێش کاتی هاتنەکەی بە ماوەیەك چووە شوێنی ژووانەکە.. هەر کە لەدوورەوە دەرکەوت دیمەنی جوانو ڕێکخستنی قژو سپۆرتی جلو بەرگەکانی زانی ئیمشەو پلانێکی عەشقنی بۆ سەمای چرکەکانیان داڕشتووە. وەك گەرەکی بێ چاوە بێگانەکان دیمەنی ماچەکان نەبینن، وەك گەرەکی بێ چاوی زەقی پیاوە چڵێسو سەرخۆشەکان مۆسیقای ماچەکان نەشلەقێنن. بردیە سوچی باڕێکی تاریکەوە. هەردووکیان لە دەوری ئەو پرسیار کۆبوونەوە ئیمشەو ملوانکەی ماچەکان دەهۆنینەوە؟ ئیمشەو لێوەکانمان تەزووی ئاشنایو حەزی یەکتری دەمژن؟ هەناسەمان، تەڕایی سەری زمانو دەممان تێکەڵاو دەبن، ئیمشەو پەنجە تووکاویەکانی بە گۆپکەکانم تێر شەهوەت دەبن؟ ئیمشەو چی ڕوودەدا، چۆن هەنگاو بنێم؟ چۆن هەنگاو دەنێت؟ لەچییەوە دەست پێبکەین؟ پەرداخە کۆنیاکەکەیان بەرزکردەوە بە خۆشی شەوێکی باوەشاوی ڕووت قومیان لێدا. تا ژمارەی قومەکانیان زیادی بکردایە ئۆقرەیان بالاً دەبوو. لەتەنیشتییەوە هەستاو هەردوو ڕانەکانی جووتکردو چووە باوەشییەوەو پێش ئەوەی لێوەکانی بمژێ، وەك ئامادەی چەپکە ماچێکی گەرم بکات بەدڵی پەنجەکانی کەمێك ختووکەی لێوەکانی داو دواجار سەری زمانی ترازاندە نێوان لێوە قاوەییەکانیەوەو گرێی ماچێکی درێژیان بەست، وەك لە تاقیکردنەوەیەکی



چارەنووسیدا سەرکەوتوو ببووبێت، ترسی ماچی لا نەما، پەنجەکانی خستە نێو قژە ڕەشەکەیەوە سەری خستە نێوان مەمکەکانیەوە، ئۆخەی بەڕۆحیدا تێگەیشت ئەم میوانە ڕۆمانسیە وەستای چنینی گوڵی ماچە. ئەو شەوە چەند ژمارەی پێکی کۆنیاکە بەتاڵەکان زیاد ببوایە ملوانکەی ماچەکان درێژتر دەهۆنرانەوە، تا مۆسیقاو تیشکی گڵۆپەکانی بارەکە کۆتایی شەوەکەی نەچرپان، ئەوان لە چنینی ماچ نەبوونەوە.

لەنێوان ئاسمانی مۆسکۆو فرانکفۆرت دا 2003/05/05

## ژوانی سێهەم:

کە تۆ ڕۆیشتی بۆ دواکات نیگای چاوەکانمان لە یەك پچڕا... شەوو ڕۆژێکی تەمەنم بەبێ خەو بەیەکەوە گرێدا،..... چواری بەیانی بوو، مێزەکەمان جێهێشت، هێشتا تەڕایی لێوەکانمان بەلێوی پەرداخە کۆنیاکەکانەوە، ووشك نەبووبوونەوە، مۆمی سەرمێزەکە، تەنیا کەوتو هێندە بە خوڕ بۆ کۆتایی تەڵخی ژوانەکەمان گریا... تەمەنی لەتەمەنی دوا نیگای چاوەکانمان کورتتر بوو.

کە بارەکەمان چۆڵکرد زۆر بە ساردیەوە دەستی یەکتریمان گرتبوو.. لاقەکانمان توانای هەنگاوی بەرەو خاڵی جیابوونەوەمانی نەبوو، بێ پرۆشەی ئاوڕشێنی ڕۆح ماچ. بێ باوەشو سۆز... دەستو ناوچەوان ماچکردن، قژ بۆنکردنو

ئاوڕدانەوە. لەبەر قاپی بارەکەدا هەر یەکەمان دژە ڕێچکەی ڕێگەیەکمان گرت. چەند هەنگاوێکمان بڕی، لەناکاو زریکەی ماچە سەربڕاوەکانی ڕابووردوومان، ڕۆحمانی راچڵەکان و لاقەکانمانی لە جووڵە خست. لە جێگای خۆمان ڕەق بووین و ئاوڕمان لەیەکتری دایەوە، ئەو لەسەر لا وەستابوو، دەستەکانی خستبوە گیرفانی پاڵتوە چەرمە سوورەکەیەوە. چاوەشینە خەواڵوو ماندووەکانی نقوومی کۆمەڵە پرسیارێکی ئاڵۆسکاوی ئایندەی ببوون.

پڕ بەدڵ دەیویست بۆ دواجار. دوو بۆڵە تریێی لێوەکانی، گەر بە لێوەکانیشم نەبێ، کەمێك پەنجەکانم شیلەی بمژن، وەڵێ چاوی زەردی دڕکەزییەکانی سەرلێوی، چاوی حەزو دڵی پەنجەو نەرمی لێوەکانمی تۆقاندبوو.

وەك دوو مۆمیا بەرامبەر یەك وەستابووین، نێوانمان بە قولانجێك دەپێورا شەیدای باوەشی یەکتر بووین.

– بۆچی وەستای؟!! بۆچی هاتی؟!! چیت لای من جێماوە؟ و پێم ڕەوانابینی؟؟ دەزانم تاوانبارم گەر لێوەکانم بەیاسای ڕۆحی پیرۆزو ڕۆمانسیتت حەرام بوون، تکایە وەك خێریش بێت.. تووخوا تا زمانم ووشك دەکات، بۆ دواجار بیمژەو قردێڵەی یادگارێکی ڕۆمانسی لە ئاگریجەی مێژووە کورتەکەمان بدە، ئاخر دڵڕەقی لەتۆو ڕۆحی ڕۆمانسێتیت نایە، بۆ بە درێژایی شەوەکە تاقە قردێڵەیەکی ووردی ماچت لە ئەگریجەی ڕۆحم



نەدا؟؟ ئایا ئەمە تاوان نییە لە ڕۆح دەکرێ؟؟ خۆ مەلۆتکەی نووسینەکانت بەڕۆح قووماتکراوە؟؟.... ئەی بۆ هاتووی؟؟؟ دەتەوێ قەدی بالاّی غەمەکانم بەبالاّی خۆت بپێوی؟؟

(لەگەڵ ووشەی پرسیارەکاندا هەزارەها وورده دڕکەزی لێوەکانی بە ڕۆحمدا دەچزان)

– نا بۆچی ناڵێیت هەردووکمان وەك میقات و لەم کۆتاییە پڕ داغەدا لەیەك ساتدا وەستاین؟؟ من وەستام لە جیاتی هەڵمژینی بۆنی گوڵی لێوەکانت، چەپکە دڕکەزییەك بچنم و بیکەم بەیادگاری تەڵخی کارەکانت و بەکۆتایی ئەو مێژووەیەی. تۆ پاڵەوان، نووسەر، ڕۆح، هێز، ناو، هونەری و تەڵخکەری و خاشکەری دوا دەنکە گەوهەری ملوانکەی ماچەکانمان بووی.

– من نووسەر نیم... تۆ لەناو نووسینەکانتا دەژیت، چەپکە دڕکەزی بۆ یادگاری نووسەرێ:ی ڕۆمانسی هەڵنجی خوێنی لێدێ... توو ڕۆحی ماچەکانی سەرەتاییمان... وێڵم بکە، لە فەرهەنگی حەزو ڕۆمانسێتی خۆتدا توورم بدە،،، توو خوا وەرە قردێڵەی یەك ماچ لە زمانم بدە.

(وەك دوو تنۆك فرمێسکی قەتیس ماوی چاوی شەوەکە بەیەکەوە وەستابووین)

– INNA بۆ وات لێهات؟؟ بۆ ڕێگەت دا وات لێ بکەن؟؟؟ کردیانی بە بازرگانی ماچ و هەڕاجکەری گۆپکەو مەمك و لەش. لێم ببوورە، ناتوانم وەك ژوانی یەکەم و دووهەم بۆنت بکەم،

ماچت بکەم، پەنجەکانم لەپەنجەکانت ترساون. لێوەکانم لە لێوەکانت تۆراون!!! لەوساتەوە کردیانی بەکالا.. گوڵی ماچی لێوەکانتیان بۆوی دڕکەزی ڕووان... ناتوانم ماچت بکەم، لە ژوانەکەی ڕابووردوودا بۆنی دەمت بۆنی بەهەشتو لێوەکانت تامی بۆڵە ترێی دەستی خواو قژەکانت بۆنی پەنجەی شانەی کەنیزەکانی دەوری خوای لێدەهات. تامی گۆپکەکانی مەمکت، تامی خونچە تازە پشکووتوەکانی باخچەکەمی هەبوو، ئەمە چی بوو کردتت؟؟؟ چیت لە خۆتو منو مێژوویەکی پڕ والاو چەپکە ماچ کرد؟؟؟ قەدەرێکی خۆش. بوکێکی ڕووتی چاوشینی ژێر خێوەتی شەوو شاسمانی ڕۆمانسی حەزەکانم بووی، ئەڕێ دوای من کێ دەزانی تەڵەی چ دۆلارو ئەورۆیە گۆپکەی سمتو گۆی مەمکو سەرتاپای لەشی ڕووتت دەجنێ.؟؟؟؟

– لەم پرسیارانە گەڕێ قوتابخانەی من سەرسەریو هی جوانیو ڕۆمانسی، من دەزانم نەکەڵکم بۆ تۆ، نە بۆ هیچ پیاوێکی ترو خۆشم نییە. دەزانم ئەو ڤایرۆسانەی منیان تەپان. تۆوی دڕکەزیان لەسەر لێوم ڕوان، گشتی ماکی هەناسەی دەمی پیاوانی بلحو خاوەن دۆلارو ئۆرۆیە، ئاخر بۆیە بەهەناسەی لێوی ڕۆمانسی تۆ نامۆنو دەبینی لە جیاتی گوڵ دڕکەزی دەردەدەن، لێم گەڕێ لە توونی ئەو تاریکییەدا بژیم کە بەکاڵفامی هەڵمبژارد.



(ڕەنگی چاوە شینەکانی وەك ڕەنگی گڵۆپێکی کزی شینی سەر ڕووی چەند دڵۆپ شەونمی سەر لە بەیانی... لەناو فرمێسکە قەتیسماوەکانی چاویدا پریشکی شینی دەکێشا).

لێی نزیك کەوتمەوە... قولانجەکەی نێوانمان تەسك بوەوە. بەنیازی مژینی سەری زمانی لێوەکانی بە ئاستەم لەیەك ترازانو سەری زمانی بۆ مژین ئامادەکرد. نە پەنجەکانم، نە لێوەکانم زاتیان نەبوو لەدەمو لێوی نزیك ببنەوە.

– ئەی گوڵە هەڵوەریوەکەی سەر پێخەفی دۆلارو ئەورۆ. کە دەزانی من ناتوانم چەپکە دڕکەزی لە لێوەکانت بچنم. و تەڕایی سەری زمانت بمژم. ڕێگەم بدە با چەند تاڵ لە قژی سوورت بکەم بە پرچێکی سووری باریكو لەناوچەوانی ماچەکانی ئەرشیفیمانی بدەم...

(بەهەنگاوی پاشی..ز پاشەوپاشو وردە وردە لێم دووركەوتەوە) چاوەکانم لێنەتروکاند، تا وەك پەڵەیەکی ڕەش... تاریکایی شەوەکە قوتیدا.

ژوانی چوارەم: بۆ هەمیشە نەمبینییەوە.

2003,06,30

لەشەمەندەفەری نێوان مۆسکۆو سانپیتربۆرگ.

# ئەو سێبەرەکانی تاران

چنوور سەعیدی/ سنە

.هێشتا خەو ئەبینمو تەلەفوونەکەش زەنگ ئەدات، ئالأومەتە دەوری مەلافەکەوەو چاوەکانم ناکرێنەوە، ئاخۆ سەعاتی چەندە؟ زەنگ ئەداتو لەشم هەڵناسێ دەست ئەکوتمە سەر مێزەکەوە :

– تۆ خاوەنی ئەو سێبەرە وێڵەیت کەس جگە لە تۆ ناتوانێ وەڵامی گوناحەکانی ئەو بداتەوە. کە ئەڵێت ((گوناح)) دڵم دائەخورپێو چاوەکانم ناکرێتەوە. لەم شارە تەنیا تۆ خاوەنی دوو سێبەر بویت، سێبەری خەڵك چی خەونەکانیان دەیانکرد دووپاتیان دەکردەوە، تۆش... خودا هەڵناگرێ سێبەری یەکەمت باش بوو، بەڵام سێبەری دووهەم... گوناح لە تۆیە.

هێشتا خەو ئەبینم یان نوستنە؟ من هەموو شەوێك خەو بەو قسانەوە ئەبینم



– بۆ هیچ ناڵێیت؟ ئەڵبەت ئیتر بێهوودەیە بڵێیت تۆ، کامە لەو سێبەرانە بویت؟

– چ قەوماوە؟ دەنگی خۆم ناناسم بە توانجەوە ئەڵێ : ... چ قەوماوە؟! هەموو خەڵکی ئەو شارە بێ سێبەر ماونەتەوە. شەو هەموو سێبەرەکان هەڵاتوون، تەنانەت سێبەرەکەی خۆشم لەگەڵیانا رۆیشتووە.

کە دەکەومە بیری سێبەرێکی ترشێت، پێکەنینم دێتو چاوەکانم دەکرێنەوە.نا ئیتر خەو نابینم.

– رەنگە هەموو ئەو سێبەرانەش بە قسەی سێبەرەکانیان نە ئەکرد، دونیا پڕە لە سێبەری یاغی ئاغا !

دەنگی بەرز ئەکاتەوە دەزانم مست ئەکوتێتە سەر مێزەکەوەو توندو قایم ئەنگوستەکانی ئالأونەتە دەوری تەسبیحەکەیەوە. وەکو ئەو کاتە وام دەگوت ژیانی سێبەرەکان پەیوەندی بە خاوەنەکانیانەوە نیەو ئەو نگویستاندی بە دارو قەواخی تەزبیحەکەی ئەدا.

– بەڵام هیچ سێبەرێکی یاخی وەکو هی تۆ نەبوو. ئەو سێبەرانە بە رابەری ئەو بۆ تاوێك لە خاوەنەکانیان جیا ئەبوونەوەو ئێوارەی هەر ئەو رۆژە یان پێش لەوە باران تەریانی کردایە دەڕەواندەوە بۆ ماڵ.

**– تۆ بڕیارت دابوو ئیتر ببەستیتەوە، دوێنێ بڕیاری ئاخرت دا... تۆ تەنانەت نەتهێشت شەوێ، تەنیا شەوێ لەو دوایین بڕیارە بخائێنێ.**

**ماتڵە شتێك بڵێم، ئیتر پاسای ناکرێ، ڕاستە، قەولم دابوو ئەو دوایین دەرفەتی ژیانم بپارێزم، کە گەر چاوم لەو سێبەرانە، نا، یەکێ لەو سێبەرانە نەبێت... زیندان... جێگای خاڵی دوو سێبەر لای پێخەفەکەمەوە، ئەبینم، دوێشەو تا ئەو کاتە خەوم پیاکەوتبووپچەیان هاتبوو... چیان دەگوت؟ – گوناح لە تۆیە دتتوانی دەستەکانی ببەستایتەوە، هەژەشت کردایە، ئامۆژگاریت کردایە... چیان گوتبوو؟**

**– نازانی چەندە خۆشە ڕۆشتن بۆ ئاسکان و خەوتن لە نێو هێلانەی پەپولەکان، ماڵی شێتەکان. سێبەری بێدەنگم گوتبووی : تو خودایە ئەوە بە تۆ شتە جا منیش ئەبەی لەگەڵ خۆتا؟**

**کە گوتبووی نا، تۆ سێبەری راستەقینەیت، من پێکەنینم هاتبوو، ئەها... سێبەری بێدەنگم پاڕابویەوە : – پێم خۆشە لەگەڵتا بێم من بێزارم لە بێدەنگی، تکرار هاوار ئەکات و ڕائەچڵەکێم :– تۆ هەر کام لەو سێبەرانە بیت گرنگ نیە، ڕامەوەستەو خێرا وەرە. تەلەفوونەکە (گوشیەکە) توند دائەنێ هێشتا تەزی پشتم لە دانیشتنی بەیانی تا ئێوارەی دوێکەوە، لەو ژوورە چکۆلەو بێ پەنجەرە، دەرنەچوو خودایە. ئێستاش هەر ئەو کورسیە ئاسنینە، ئەو ژوورە چکۆلە، ئەو ڕیشە ڕەشە،**



**ئەو پەرداخە ئاوە گەرم و ناحەزە...وێع... حەز ئەکەم قەی کەمەوە.**

**چاوم دەکەوێتە ئەو لاپەڕە بەو دێرە ڕەش و گەورانەوە، لە دوایی‌دا مۆرێکی پڕ ڕەنگ وەکو پەنجەی پەنجە شێر.**

**یەك : ئیتر ناهێڵم بڵێن بڵێن لە شەقامەکان پێبکەنێ.**

**دوو : پێکەنێ جنێو بە خەڵك و پۆلیس و سێبەرەکانیان بدات.**

**نازانم بۆ دەکەومە بیری منداڵی سێبەرەکانم، هەر ئەو کاتەش یاخی بوو تا قژی سێبەرە چکۆلەکانی ڕادەکێشا. تفی لێیان دەکرد، هەمیشەش دووپاتمی نەئەکردەوە. نا ئەڕوا، بەلاّم لەگەڵ منیش دا نەبوو، ئەو کاتە، ئەو ژوورە چکۆلەو پەرداخە ئاوە گەرمە لە کوێ بوو؟**

**سێ : بڵێن بڵێن قسە ناکات، ناکرێ، توشی سەرسورمان نابێ و ناهێڵم بەو جێگانە بڕوات وا بۆ سێبەرێك قەدەغەیە.**

**کە گەورە بوو هێور هێور ڕەنگی گۆڕا و ڕۆشن ببۆوەو ئەوەندە ڕۆشن کە ئیسیەی کەس نەیدەبینی، بەلاّم تەنیا من دەمزامی ئەو جگەرە وا مرۆڤێکی نادیار لەسەر کۆلاّنەکان و شەقام و پاڵ دیوارەکان مژی لێ ئەدا، چی بوو، هی کێ بوو؟**

**چوار : گرنگتر لە هەموو شتێك ئامۆژگاری سێبەرەکانی دیکە، بە تایبەتی ئەو سێبەرە بێدەنگەم ناکات و هەموو جارێکیش دووپاتم دەکاتەوە، گەر وا نەبێ قانوون حەقیقەتی من بە تاوانبار بزانێ.**

سەرم سوڕ ماوە، ژوورەکەم شڵەژاوەتریەکا، وێنەی سێبەرەکان لەسەر سێبەرەکەوە داکەوتووە، من لە نێوانیان دام، بچکۆلەکە چەندە لە من دەڕوات و ئەوی دیٚ بۆ جێگایەکی نادیار ئەڕوانیٚ.
هەوڵ ئەدەم قسەکانی دوێشەویان بێتەوە بیرم :– گەر بڕۆین خاوەنەکانمان تەنیا ئەبێت.
– ئەمە بیانویەکە ئەگەر ئەو ئێمەی بویٚ بە شوێنمانا دێت...
خودایا بۆ بڕوام بەو چرپانە نەکردبوو؟ چەند جار بە خەبرایی تاکسیم گرتبوو تا بەر دەرگای ئەو ژوورە بیٚ پەنجەرەیە. چەندە جار کەلەپچەیان لە دەستی دابوو؟ من لاپەڕەیەکم ئیمزا کردبووو دووبارە هەڵاتبوو؟ ڕوومەتم دەشۆم و نایتەوە بیرم جلەکانم لەبەر دەکەم و لە خۆم دەپرسم :
– بۆ ئەبیٚ تەنیا من دوو سێبەرم هەبیٚ؟ ئێستا لە کوێن؟
ئاه ئەبیٚ ڕاستەوخۆی ئەم شەقامە بگرمە بەر تا بەر ئەو دەرگا پڕ لە مەترسی و نەفرەتە. دەستەکلیەکە لەبەر ئاوێنەی کەوە هەڵ ئەگرم، مرۆڤێکی بیٚ سێبەر لێم دەپرسیٚ:–
– تۆ کام لەم سێبەرانەیت؟ بۆ کویٚ دەڕۆیت؟
لەبەر دەرگا کەسێکی نادیار جگەرە دەکێشیٚ و من بیٚ دەنگ، دەکەومە شوێنی ئەو جگەرە داگیرسارە.
گوتبووی جێگایەکی باش بۆ ژیانی سێبەرەکان... خەوم پیا کەوتبوو.

Kchi_sna@yahoo.com



# دووکەڵ

کورتە چیرۆك

دلشاد کاوانی– شەقلاوە

بۆ رۆژی حەوتەم دەچوو لەپێش دەرگای باڵوێزخانەکە لەچاوەڕوانی دابوویت. کە کەوتبووە نێو یەکێك لەکۆڵانە رزاوەکانی پایتەخت.
ئەو رۆژەش تاریکی تەواو ئەم ناوەی داگرت، کەچی هیچ وەڵامێکی نەبوو! تاك و تووك خەڵکت لەسەر شچەقامەکە دەبینی هاتووچوویان دەکرد رەش پێست...سپی پێست...سوورە...
هەندێك جاریش خۆت بە خوێندنەوەی تابلۆی سەر دیوارەکان خەریك دەکرد، کەڵکی نەبوو ناچار وەکو رۆژانی رابردوو رێگەی بیٚ ئوومێدیت هەڵبژارد. خۆت گەیاندە ئەو قاوەخانە بچووکەی بەردەم باڵاخانەکە، کاتیٚ خۆت بەژووردا کرد بەدەم وەستانەوە ئێستێکت کرد ژووری قاوەخانەکە پڕ لە جەنجاڵی مرۆڤ بوو هەراو زەنای قسەو باس و تاق و تریقی سەر مێزەکان لەگەڵ دووکەڵی سیگارو قلیانەکان ئێجگار شلەژایت.

هەرچۆنێك بوو خۆت خزاندە سەر کورسی ژێر مێزێك، کە لەسووچێکی وە دانرابوو. چرکەژمێری سەعاتەکەت جارێك بەدەوری خۆیدا نەخولایەوە کاتێ خزمەت چییەکە لەبەردەمت زیت بووەوە

– گەورەم فەرموو چی دەخۆیتەوە؟

– (............)

– چای.. قاوە... نیسکافی.

– هیچ!

کابرا وەڕێنەیەکی کردو بەتەنیا جێی هێشتی. سەرت ئاونێگ بو مێشکت تیا دەکوترا دەستت لە گیرفانە بەتاڵەکانتدا گێڕا تەنیا پاکەتێ سیگارو چەغماغەکەت کەوتە دەست سیگارێکت نایە نێو دوو پەنجە لەرزۆکەکانت داتگیرساند، نیگای چاوەکانت خستە سەر دووکەڵی سیگار رامایت! پەیتا...پەیتا دووکەڵەکە ڕوو لە زیادبوون دەکرد تا دوا ژوورەکەی قاودا بە دۆزەخ تەنیا چاوەکانت دەبینی چاوی ڕەش...چاوی شین... باشقاڵ چاوەکان لە کەلە سەرەکان جیا دەبوونەوە، هەندێکیان تاتێکیان لێدەگرتی، هەندێکیان بەزەییان پێدا دەهاتنەوە سەرەکوێرەکانیش کۆخە کۆخیان بوو ئالۆسکانی مەرگ بوون کفن کران بوونە تارمایی وون بوون، چاوەکانیش هەر بۆخۆیان بۆنە مەیت شۆڕو گۆڕ هەڵکەن بوو کفن دووربوون لەبەردەمت گۆڕێکیان هەڵکەند کەسێکیان بەزیندوویی چاوان تیا نێژت، دەمت نا بەسیگارەکەت سەرت کەوتە سەرمێزەکەو سیگاریش کەوتە زەوی.

***



# ئاسۆیێکی گووم

بەتەواوی گوومانت لە هەڵاتنی تیشکە پڕشنگدارەکانی ئەودیوی هەرێمی بە ستەڵەك‌و کلۆ بەفرە کێوە مەزنەکانت دەکرد، سەرنجێکت تێگرت... ڕۆژانی زوو ئێجگار وانەبووم ئیمڕۆ ئۆقرەی لێ بڕیووم. ئەو بەیانییەی کە لەخەو هەڵسام وام مەزندە کرد سەری هەموو دونیام لێ هاتۆتەوەیەك..

نەم دەزانی چی بکەم... بڵێم چی... بۆ کۆ ئۆغر بکەم..؟!.. کەسیش ناڵێ! چیتە! ئەژنۆکانت تەتەڵەیان بوو هەر لە چاوەڕوانی (میترۆ) کەدابوویت. لەناخی خۆتدا ڕووچووبیت... ئەوە یەکەم جارە دوای بیست‌و دووساڵ ئاوارەی بڕیاری وا کت‌و پڕم دابێت.

سەربڕین!.. یان.. زەنگی کڵێساکەی بەردەمت بێ دەنگ شکاند هێڵی بیرکردنەوەت پچڕا، سەرێکت بەرزکردەوە دواتر لەدەوروپشتی خۆت ڕووانی، کەست بەدەورەوە نەماوە سەیری سەعاتەکەی دەستت کرد کات..درەنگە.. بڕوات نەئەکرد، بەهێواشی بارگەکەت هەڵگرت. ناچار بەرەو دووڕیانی ئاسۆیێکی گووم هەنگاوت دەنا. بە پێکەنینێکی گوومناوییو لەبەرخۆتەوە دەتگوت: چۆن چوو با هەروا بچێت.

# خەون‌و ئاوێنە

**کورتە چیرۆك**

**زرار سەرتاش**

دوای ئەوەی مەلا و سەرجەم ئاوایی، بۆ دواجار گۆڕستانیان بەجێ هێشت‌و ماڵئاواییان لێکرد، ئەو قاچەکانی تەواو لەجووڵە کەوتبوون، خوێن زۆر بەسستی لە جەستەی هاتووچۆی دەکرد. بە قوونە خشکە خۆی گەیاندە کێڵەکەی لای سەروو. چۆن ئازیزێ لەباوەش بگرێ بەم شێوەیە کێڵەکەی لە باوەش گرت‌و خۆی تێ ئالاند. هەموو ژیانی حەمەدی وەك فلیمێکی سینەمایی هاتەوە بەرچاو.

ئەو شتەی بەجارێ هەراسانی دەکرد فیکە بوو فیکە، بەدەست خۆی نەبوو لەهەرجێگایەك دەنگی فیکەی بەرگوێ کەوتبا شێت‌و هار دەبوو، دۆو دۆشاوی تێکەڵ دەکرد، هەرچی قسەی ناشیرین هەیە لەزاری دەهاتە دەرێ. هیچ کەسێ سەری لەم نهێنییە دەرنەدەکرد، خۆ هەر ناوێران لێی بپرسن؟ حەمەد



تەمەنی لەپەنجا بەسەرەوە بوو، ریشی بەتەواوی سپی بووبوو، هەموو رۆژێ بەمەبەستی شاردنەوەی مووە سپییەکان پاك دەیتاشی. بەیانیان بەرلەوەی تیشکی خۆر لەپشتی لوتکەکانەوە سەری دەربێنێ، ئەو لەو خانووە قوڕینەکەی کە پێك هاتبوو لە یەك ژووری بچووك، جگە لە تەختە شڕەکەی لەسەری دەخەوت، تەنەکە ژەنگاویەك بۆ ئاوو کتلیەکی رەش‌و مەنجەڵێکی قۆپاو شوێنی چیتر نەدەبووەوە. خانووەکە لەم شوێنە نەدەچوو کە مرۆڤ لەناویدا بژی، بەڵکو زیاتر لەم شوێنە دەچوو کەمەڕو مالآتی تێدا خودان بکرێ. دەهاتە دەرێ، بە ئەسپایی بەهەر چوار دەوری خۆی دەڕوانی، هەموو جەستەی دەکرد بە گوێ، تا بەتەواوی دڵنیا نەبووایە لە بێ جووڵەیی دەوروبەری هەنگاوی نەدەنا. سلی لەهەموو دەنگێ دەکردەوە، تەنانەت وەرینی گەڵایەك دڵی دەخستە ترپە. کە دەگەیشتە ئەو ئەنجامەی دونیا کت‌و ماتە، ڕووی بەلای رۆژئاوا وەردەگێڕا، بەخێرایی بەیەك هەناسە بەگردەکەی پشت مالآن هەڵدەزنا، تا دەگەیشتە لای بەردە گەورەو پانەکەی ناو رەزەکە راناوەستا. کە ئەو دەگەیشتە شوێنی مەبەست، هێشتا تارمایی شەو باڵی بەسەر ئاوایی داکێشابوو. خشپەی پێی‌و ترپەی دڵی تێکەڵ بە دەنگی قاسپەی کەوو شنەی بەیانیان دەبوو، هەر هەموویان ئاوێتەی یەکتر دەبوون. شێتە شەیدای تیشکی خۆر بوو، هاتنەدی. خەون‌و هیواکانی لە تیشکی خۆر بەدی دەکرد. خۆر

پیرۆزترین شت بوو لای ئەو. وەك زەردەشتیەك هەمیشە لەچاوەڕوانی هەڵهاتنی خۆردابوو، هەرکاتێ خۆر هەڵدەهات، دەستێکی بەسیمای دادەهێنا و نەختێ خۆی دەچەماندەوە. خۆی نەبا کەس نەیدەزانی تیشکەکان چ موژدەیەکیان پێیە بۆ ئەو؟ بە بەدیارکەوتنی خۆر شاگەشکە دەبوو، زەردەخەنە سەرجەم رووخساری دادەگرت، بزە دەخزایە سەرلێوانی، پڕ بە گەرووی هەناسەی هەڵدەمژی، تا هەر دوو سییەکان تژی هەوا نەبان وازی نەدەهێنا، ئاوێنە بچووکەکەی ناو باغەڵی دەردەهێنا، سەیرێکی خۆی دەکرد، وەك پشکۆ سوور هەڵدەگەڕا، ئاوێنەکەی بەرامبەر خۆرەکە ڕادەگرت تیشکەکانی پێ دەشکاندنەوەو ئاراستەی ناو ئاوایی دەکرد، لەناو ئاواییشدا ئەو ماڵەی دیاری دەکرد کە یەك لایەنە خۆشەویستێکی بۆخۆی دیاری کردبوو، تا ماندوو دەبوو ئەمەکاری بوو، دەگریا، نەدەزاندرا گریانی ئەو بۆچی بوو؟ لەناکاودا لەقاقای پێکەنینی دەدا، کیسە توتنەکەی لەبەر پسشتی دەردەهێنا و چەند جارێك کیسە توتنەکەی دادەکوتا، هەرچی تۆزو خۆڵی ناو توتنەکە هەبوو بەسەر بەردەکە بڵاوی دەکردەوە، پەڕاوییەکی دەپێچایەوە. ئینجا دادەنیشتو جگارەیەکی دادەگیرساند، نەمژێ، نەدوو، نەسێ. نە...نە...، چڕە دووکەڵێکی وای پەیدا دەکرد، هەرکەسێ لەدوورەوە بەدی بکردایە وای دەزانی ئاگرۆکەی شوانانە. دەکەوتە داڵغەلێدان



لەبەرخۆ وڕێنەی دەکرد. هەڤدە ساڵ...بەڵێ هەڤدە ساڵ تەمەنێکی کەم نەبوو بەبێ هۆ خزاندیانە زیندان، زیندانیش نا بەڵکو شێتخانە. تەنیا تاوانێك کە بەخۆی شك دەبرد ئاشق بوو. بەڵام عاشقێك لە ئاوی کانیاوان پاکترو بێ گەردتر.
حەمەد دوو ئاگرلەناخیدا لە گڕو گڵپەدابوون، دوو ئاگر لەواتا وەکو یەك، بەڵام لەناوەڕۆکدا زۆر زۆر لەیەکتر جیاتر. ئەو دەیویست جیاوازی ئەم دوو ئاگرە نەهێڵێو ئاوێتەی یەکتریان بکاو بیانکات بەیەك، چونکە ئەو چاك دەیزانی هەردووکیان پشکۆی یەك کوانوون. هەرخۆی دەیزانی چ گڕی سوتێنەرن. دوو شت لە دونیادا جەرگیان دەسووتاند تاسەو خۆشەویستی کۆنە ئەوینو وارەکەی، بۆیەش خەونی هەمیشەیی ئەوەبوو شەوێك لەچیای حەمرین خەونە جوانەکانی بێتەدی. ئەو عاشق بوو لەتەمەنی لاوییەتی دووچاری ئەڤینداریییەکی گەورەبوو بوو، بۆ بینینی دڵخوازەکەی بەرزترین لقی شاتانێکی ناوسپی دارەکانی هەڵدەبژاردو پێی هەڵدەزنا، لەوێوە سەیری کیژەکەی دەکرد.
هەر خۆی دەیگێڕایەوە کە جەستەی خاراوە، دەیان جار لەسەر ئەم خووە دارکاری کرابوو. شێتە گەلێك جاران دەمی لەسیاسەت دەدا، هەر ئەوەندەش بەس بوو، بەڵگەیەکی تەواویش بوو بەدەستیان تا بەم بیانووە دووچاری ئەو گۆبەندەی بکەنو رەوانەی شێتخانەی بکەن. هەڤدە ساڵ بەبێ

لێپێچینەوەو پرسیارلێکردن لەگەڵ کۆمەڵە کەسانێك نەخۆش کە کۆمەڵگا بەشێتی ناوزەد دەکردن خزاندرابوونە هۆڵێکی گەورە. کەسانی وای تێدابوو، دەست وەش، هەبوو کەم دوو، هەندێکیان کاریان بەس پێکەنین بوو، ئیواش هەبوون تەنیا دەگریان. بەڵام حەمەد هەر لە هەموویانی جیاوازتر بوو. شێتخانە هەرچەندی برینی قووڵی لە دەروونی حەمەدی جێبهێشتبوو، قوتابخانە بوو بۆی، تاڵیو سوێری ڕۆژگار زۆر شتی لەوێ فێرکرد، هەر ئەو ئەزموونەی ئەوێ بوو، حەمەد هەرگیز بەرامبەر هەموو پرسیارێ دۆش داناماو هەمیشە لەوەڵامدا حازر بەدەستو قسە لەڕووبوو. زیندان بۆ حەمەد پڕبوو لە کێشە، کەم ڕۆژ هەبوو لەسەر ئاوێنە نەگبەتییەکەی دووچاری تێهەڵدان نەبێ.

هۆگری ئەو بەو خۆدییە نەگبەتە، ببووە بەشێك لە ژیانیو تایبەتمەندی خۆی هەبوو. قەد نەیدەهێشت ماکێکی پیس یان گەردیلەیەکی بچووك بەسەر ئاوێنەکە بنیشێت. ڕۆژ نەبوو چەندین جار خاوێنی نەکاتەوە. هەڵچوونی تەمەنی خۆی لەوەوە بەدی دەکرد. یەکەمین جاریش هەر لەڕوی ئاوێنەکەوە یەکەم تاڵە مووی سپی لە ریشی بەدی کرد. بەبینینی مووە سپییەکە هەموو لەشی شەلاڵی عارەقە بوو، دەردی دڵی خۆی بەم ئاوێنە دەربڕیو تا هێزی تێدابوو کێشای بەدیواری شێتخانەو پارچە پارچەی کرد. یەك دوو ڕۆژان بەراستی



ڕووخسارو سەرو سیمای لەشێت دەچوو. کەس نەدەوێرا لێی نزیك ببێتەوە. تەنانەت پزیشکی تایبەتی زیندانیش بەپارێزەوە پشکنینی بۆ دەکردو سەری سووڕمابوو لەم گۆڕانە کتوپڕەی حەمەد. پزیشکەکە دەمێك بوو ئاگاداری ئەم کەینو بەینەی نێوان حەمەدو ئاوێنە بوو. کاتێك ئاوێنەیەکی بەدیاری بۆ هێنا. مرۆڤەکەی جارانو ئەم هەموو ڕکەی لەناخیدا پەنگی خواردبووەوە نەما. بەئەسپایی یەك دووجاران ڕووی ئاوێنەکەی لە شلکەی ڕانی خشاندو جوان پاکی کردەوەو بەبزەیەکەوە خستییە تەنکەی باغەڵی. زۆر جاران دەیگێڕایەوە تاکە یادگارێکی کە بۆ مابێتەوە ئەم ئاوێنەیە بوو. پیری تەنگی پێ هەڵچنیبووو کاری بەئاوێنەو ماوێنە نەمابوو، بەڵام هەر خۆشی دەویستو دەست بەرداری نەدبوو.

مردوو شۆرەکە گێڕایەوە کە شووشتبووی هەر لەباغەڵی دابوو. حەمەد بە پێچەوانەی جاران فیکە فیك تووڕەی نەدەکرد، جوێنی نەدەدا بەڵکو بزەیەکیشی لەگەڵ دەهاتێ. کە پرسیاریان لێدەکرد لە تووڕەنەبوونی؟ لەسەر خۆو بەدەم پێکەنینەوە دەیگوت فیکەی جاران حەرامزادانەبوون، دەبا هەر فیکە لێدەن، کە دڵێك مرد بە مورادنەگەیی بۆ فیکە نەبێ بۆچی باشە؟

هەر کاتێك چەکدارێکی دیبا سوورهەڵدەگەڕا، پێدەکەنیو لێی دور دەکەوتەوە لەگەڵ خۆی دەکەوتە قسەکردن، دەیگوت کەرگێ ئەی کەرگێ نەبن چین؟

با لەبەردەم ئێمە خۆ بانەدەن، گەر ڕاست دەکەن و خۆیان بەچەکدارو پارێزەر دەزانن بابن بەسنگ، بەسنگی داکوتاو بەیەکەوە تەڵبەندێك لە حەمرین دروست بکەن. نەوت- نەوت- نەوت! ئەم وشەی هەر لەسەر زمان بوو. تاکە هیوامان ئەوە هەرچەندە ماڵوێرانی بوو بۆ ئێمە.

هەر لەوەتەی فامی کردووە تا ئەمڕۆ کە جێی هێشتین ئاگری لەناو ئاگردانی خۆی نەدی بوو فانۆسەکەی دڵۆپە نەوتێکی تێنەکراو هەرگیز فتیلەکەی تەڕنەبوو. حەمەد دەیگوت تەمەن زۆر زوو بەسەرچوو، پیری تەنگی پێ هەڵچنیبو ئەم هەموو جگارە کێشانەش نەفەسی بە تەواوی تەنگ کردبوو. خۆ بەکەڵکی پاسەوانی و تەڕەماشیش نایەم، چاوەکانم کەم بینابوون ئەمڕۆ ئەو ڕۆژە بوو چاوەڕوانی بووم، دەبووم بە ئێشك گری بیرە نەوتەکان، بەلەپکەشین، چاوپیسان و دەروون رزیوو داخ لەدڵانم دەپاراستن. لەیەکەم ڕۆژی رەشەمێ وەك کێچ کەوتبێتە کەوڵی حەوسەڵەی نەدەما. ڕۆژێ چەندان جار دەیپرسی چەندمان ماوە بۆ نەورۆز؟ کە کەسێك گوتبای چ کارت بە نەورۆزە؟ تووڕە نەدەبوو پێدەکەنی دەیگوت: بەتاوانی دەزانن ئێمەش ڕۆژێکمان هەبێ. هەر لەسپێدەی یەکەم ڕۆژی نەورۆزدا، حەمەد بەدروستی خۆی ئامادەکردبوو، ریش تراشاو، رانك و چۆغەڵە شینە مەرەزەکەی دەکردە بەری و پشت بەندێکی سووری بێ خاڵ. بوخچەیەك کە چەند هێلکەیەکی کولاّو دوو



نوردی نان و سەلکە پیازێ کرابووە ناوی. یەکەمین کەس بۆ شوێنی ئاهەنگ گێڕان دەکەوتەڕێ. هەمیشە هەڵۆ ئاسا هۆگری شوێنی بەرز بوو، ئەمەشی وەك سەر گوزشتەکەی ژیانی شاراوەو پڕ لە نهێنی بوو. حەمەدیش مرۆڤ بوو وەك هەرکەسێك حەزی لە خۆشگوزەرانی ژیان بوو. خەون و خەیاڵی جیاواز بوون. لەسەر شوێنە بەرزەکە تەماشای حەشاماتەکەی دەکرد، تا تاکە کەسێکی لە شوێنەکە بەدی کردبا بەرەو ماڵ نەدەگەڕایەوە، تەنانەت دوای دەستگێڕە شت فرۆشەکانیش. ژیانێکی پڕ لەنهێنی، مردنەکەشی وەك هەر مردنێك ئاسایی نەبوو، مردنێك تراژیدیانە. بەڵی چەند مەترێ دوور لە خانووە قوڕینەکەی، لە ژوورە سارد و شێدارەکەی، لەشەوێکی باراناوی بەدەمدا کەوت و رەق بووەوە. تا بەیانیش کەس بەمردنەی نەزانی. کە هەواڵەکە بلاّو بووەوە دەمێك بوو خوێن لەجەستەی مەیی بوو، خوێن بەرو خوێن هێنەرەکان کەمتەرخەمیان لە ئەرکەکەیان کردبوو، دڵە پڕ لەشتە شاراوەکان خەوێکی یەکجارەیی بردبوویەوە. لەو دەمانەی لەسەر تاتەشۆرەکە درێژیان کردبوو، چنگە خۆڵێك لەناو لەپ و ئاوێنەکەش بێ ناز لە تەنیشت لاشە سارد و سڕەکەی کەوتبوو، لەکاتی مردنیش لێی جیا نەدەبووەوە.

ڕێبەندانی 2004

# ڕەش‌و سپی

## کورتیلە چیرۆک

### سەردار قادر کاوانی

چاوە کاڵەکانی دەبنە ئاوێنەی دوو چاوی برسی‌و تامەزرۆ..حەز دەکات تا دەمرێت هەروا بڕوانێتە سمێڵە باریکەکانی.. لە باوەشیدا چاولێك بنێ.. هەڵچوونی دەریای خۆشەویستی ئارام ببێتەوەو هەر لە باوەشیدا بمرێ.. ئەویش، زۆر شەیدایانە بۆی دەڕوانێ. جووتە پەپووڵەی چاوەکانی هەر چرکەیەك‌و لەسەر بستێکی لەشی نەرم‌و نیانی دەنیشێتەوە.. لەگەڵ هەر ووشەیەکدا باجی درزی نێوان هەردوو مەمکی سرك‌و سپی وەردەگرێت.. لەگەڵ هەر قۆڵ گوشینێکا دەستەکانی بەسەر لا کەلەکەیدا دەخزێنێتە خوار، بەسەر سمتانی خڕی‌و وەك کەروێشکێکی چیایی ڕای دەچڵکێنێ:

– توخوا مەکە.

+ بۆ دیمەن گیان؟ ئەدی ناڵێی خۆشم دەوێیت؟



– لەخۆم زیاتر.. بەڵام ئەدی خەڵك؟!

+ کچێ لەم چۆڵەوانییە کێ دەمانبینێ....

ململانێی نێوان پەنجەو سەر سینگ‌و مەم.. سمت‌و ڕان، دەست پێدەکاتەوە.. ئەم زۆر بە شەرمەوە نەرمە ڕکەیەك دەکات.. ئەویش شێتانە، زۆر بەتاسەوە دەڕوانێتە ڕان‌و دامێنی ژێر کراسەکەی... سێبەرەکان تێکەڵ دەبن.. دووگمەی سینەو کراسەکان لێك دەترازێن.. شەپۆڵەکان ئاوێتە دەبن.. دوای ئەوەی دەکشێنەوە، ئەم بەشەرمەوە نەرمە ڕکەیەك دەکات.. ئەویش شەپۆڵەکانی ئارام دەبنەوە.. خەریکە درزە دەکات.

****

## پەشیمانی

ئەو شەوە، بەتایبەتی ئەو شەوە نەژانە سەری جگەرە کێشان... نە گینگڵ دانی سەر جێگا دادی نەدەدا.. لێی ببوو بە شەوێکی ئەفسووناوی.. خەریك بوو تووشی هستریایێکی کوشندەی دەکرد، وەك بڵێی ئازاری جوودایی شیرین‌و فەرهاد، مەم‌و زین ئاوێتەی یەکتری کرابن‌و وەك جادوویێك تێکەڵ بە گیانی بێ ئارامی بووبێت.. ئەو شەوە چلەی ماتەمینی خۆشەویستییەکی دەمامکدار.. چلەی بڕیاری جودایێکی نەویست بوو.. ئەو شەوە

بارتـەقای سـی و نـۆ شـەوو ڕۆژی ڕابـردوو تیغـی جـوودایی بـە گیانی دا دەچووە خواری، هەر چەند جاری لووتی دەخستە ناو چنگیو بۆنی دەکرد هەستی دەکرد لە باوەشیدا هەناسەی خۆشەویستی هەڵدەمژیو پێڵوەکانی پێدادەخات.. پاشماوەی مووە بڕاوەکانی پرچی هاوسەرەکەی لە پەنجەکانی ئاڵاندا.. لەبەردەم ئاوێنەی مێزتوالێتەکەدا زۆر بە ڕقو کینە سەیری خۆی دەکرد.. پەشیمانی دووەم ووشەی دێڕی دووەمی ئەو شیعرە بوو کە خوێندیەوە....

((کە جامت خستە سەر لێوت غەشیمانە
ئەگەر زەهریشی تێدابوو گوناهی خۆتە بیزانە))

# نامە

((مرۆڤ کاتێ لەپێناوی گەلەکەیدا ئامادە دەبێ هەموو خۆزگەو حەزو ئارەزووە تایبەتییەکانی خۆی بخاتە ژێر پێو تەنیا بەسەرکەوتنێکی بچووکی گەلەکەی هەست بەخۆشیو ختوکەی شادی دەکات....

ئەوەی هەرگیز بیری لێ نەکاتەوە مردنە بەڵکو شانازی پێوە دەکات کەچی ئێستاش خەڵکانێك کە خۆیان بە پارێزەرو شۆڕشگێڕی ئەم گەلە دەزانن تەنیا لەسەر جیاوازی بیروڕا



دژایەتیت دەکەن، هەڕەشەی کوشتنت لێ دەکەن.. ئێ باشە خۆ من لە ژیانمدا بیرۆکەی وام بە خەیاڵدا نەهاتووە.. هەرگیز بیر لەژێر کەوتنو لەناوچوونی هیچ خەبات کارو شۆڕشگێڕێك ناکەمەوە... کەچی ئەمە دووەم نامەیە....))

– بەیانیت باش کاك ئازاد...؟

+ بەیانی باش...

– ئەوە چییە ئاوا دانیشتووی دەڵێی نیازت وانییە دوکانەکەت بە تەواوی بکەیتەوە؟! دەڵێی ناساغیت؟ ڕەنگت پەشۆکاوە؟!!.

+ نەخێر دووکانەکەم دەکەمەوەو شتەکانیش دەیەنمە دەرەوەو ڕێکیان دەخەم، بەڵام فەرموو ئەم زەرفە نامەیە ئەبینیت ئەمە دووەم نامەیە لەیەك هەفتەدا.

– نامەی چی؟؟ دیسان هەڕەشە؟؟!!

+ بەڵێ ئەی قابیلە چی بێ؟ نامەی ماستەرت لەژێر دەرابەی دوکان بۆ فڕێ دەنە ژوورەوە؟؟؟!!

لەپڕ برادەرەکەی لە قاقای پێکەنین دەدات...

+ ئەوە بەچی پێدەکەنیت؟؟!!

– گوێ بگرە.. بۆ برای بەڕێزو خۆشەویست کاك ئازاد: بەڕێزتان دەست نیشان کراون بۆ بەشداریتان لە ئاهەنگی بووك گواستنەوە بۆ کاوەی برام.

# پەیکەر

بەشانازییەوە ئەستێرەکانی سەرشانی دەبەست..

ڕووی کردە پۆلیسەکان

((دەی کوڕینە بابڕۆین ئەو مرۆڤ کوژانە دەستگیر بکەین))

هاوڕێکەی ڕووی تێکرد:

* بەرلەوەی بڕۆین حەزدەکەم پێت ڕابگەیەنم کە لێپرسراوی نوێی بەڕێوەبەرایەتییەکەمان گەیشت، ئەگەر بەخێرهاتنی دەکەیت.

ڕەزامەندی تەواوی خۆی دەربڕیو بەرەو ژووری جەنابی بەرپرسی نوێ ڕۆیشت... هەر لەگەڵ لە دەرگادانتدا ڕێگای پێدراو ووتیان فەرموو... چووە پێشو پای بەرز کردەوە کە سلاو بۆ گەورەکەی بکات... بوو بە پەیکەری بەر خۆرەتاوی سەر شەقامێكو ڕەق هەلات.



# دوایین نامەی ژەنەڕاڵ

عومەر کەریم بەرزنجی

بەر لە گەیشتنی نامەکەی ژەنەڕاڵ کە هەمووان بەتاسەوە چاوەڕوانیان دەکرد، بێدەنگی باڵی بەسەریاندا کێشابوو، وەك چاوەڕێی فریادڕەسێك بکەن هەمووان چاویان بڕیبووە ئەو ڕێگایەی خوار ئاوایی لە ناوچاوی هەرسێکیان رابمایتایە هەستت بەترسو نیگەرانییەکی زۆر دەکرد، نیگەرانی چارەنووسو ئایندە.. بەر لەبلاوبوونەوەی ئەو پەتایە کەس لەبیری ژەنەڕاڵدا نەبوو وەلێ لەگەڵ داکەوتنو بلاوبوونەوەی ئەو پەتایەدا، تەواوی دانیشتووان ژەنەڕاڵیان بەفریادڕەسێك دەهاتە پێش چاو، ئەو پەتایەی خەریك بوو قڕی دەخستە خەڵکەوە، زۆربەی دانیشتوان سەرهەڵدانی ئەو پەتایەیان دەگێڕایەوە بۆ ڕۆحانیەتی فریادی کۆترباز، ئەو فریادەی بەرلەوەی لەلایەن شۆڕش گێڕەکانەوە گوللە باران بکرێت: هەمووان بەگومانەوە لێیان دەڕوانیو بەکەسێکی نەمەك بەحەرامو ناپاك تێی دەگەیشتن، ئەویش رقی لەخۆیو تەواوی خەڵك دەبۆوە، وەلێ لە سپێدەیەکی هاویندا، دەستەیەك لە شۆڕش گێڕەکان هەڵیان کوتایە سەرماڵی فریادی کۆتربازو بەزۆر لەژێر چنگی دایکە

کزۆڵەکەیدا دەریان هێنا، ئەو ژنەی جگە لە فریاد کەسێکی تری شك نەدەبرد، بەدەم کروزانەوەوە دەیگوت:- توخوا فریادی تاقانەم بۆکوێ دەبەن توخوا فریادم لێ مەسێنن، قورئانەکەی دەستی بەرز دەکردەوەو دەیگوت:- ئەگەر فریادم لێ بسێنن... هەمووتان بەر نەفرەتی خودا دەکەون، هەمووتان لەناودەچن لەگەڵ وتنی ئەم قسانەدا فرمێسك بەسەر رووخساریدا شۆلاوگەی بەست، چاوەکانی سووربوونەوەو لەهۆش چوو.

تا دەمەو ئێوارەیەکی درەنگ، جگە لە ورتەورت هیچ کەسێك لەبارەی چارەنووسی فریادی کۆتربازەوە هیچی نەدەزانی، دایکی فریادیش بەهەرکەسێك بگەیشتایە پێی دەوت گەربێتوو کوڕەکەم شتێکی بەسەربێت، هەمووتان دەکەونە بەرنەفرەتی خودا، هەمووان گاڵتەیان بەو جۆرە قسانە دەهات: ئێوارەیەکی درەنگ کە پەردەی تاریکی شەو بەسەر سرووشتا دادرابۆوە، لەدۆڵەکەی خوار ئاواییەوە دەنگی چەند دەستڕێژێك بیستر هاوارێك لە ماڵی فریادی کۆتربازەوە بەرزبۆوە، خەڵکێکی زۆر ڕژانە سەریان، پیرەژنەی دایکی فریاد، بەدەنگێکی نووساوەوە دەیگوت:- تکایە لەپەنا جەنازەی فریادی کوڕمدا بمنێژن ئەی هۆزی نەفرەت لێکراو.

لەدوای ئەم قسانە گیانی لە جەستە ماندووو شەکەتەکەی جیابۆوە وەلێ چاوە سوور هەڵگەڕاوەکانی لێك نەدەنا، وەك چاوەڕوانی دیداری کەسێك بێت، هەندێك کەس پێیان وابوو



ئیدی قسەکانی پیرەژنەکە دێنەدی لەگەڵ کازیوەی بەیاندا چەند کەسێك ڕووەو ئەو دۆڵە ڕۆیشتن کە ئێوارە دەنگی تەقەکانی لێوەهات، لەبن ئەو دوو دارەدا کە لەدۆڵەکەدابوو جەنازەکەی فریادی کۆتربازیان دۆزییەوە، سەرتاپای بە خوێن سوور بووبو، تەواوی جەستەی بە گوللە کون کون کرابوو، جەنازەکەیان بردەوەو لەگەڵ جەنازەکەی دایکیدا کفنیان کردن‌و بڕیاریاندا هەر لەو جێیەدا بەخاکیان بسپێرن، ئەو جێیەی فریادی کۆتربازی لێ گوللە باران کرابوو، لەدوای بەخاك سپاردنی ئەوان بۆ ئەوەکەی کەسانێك باسیان لە نوورێك دەکرد کە تەواوی دۆڵەکەی ڕۆشن دەکردەوە، کەسانێکی تریش باسیان لەوە دەکرد کە دوو تارمایی دێن‌و تەقە لە دەرگای ماڵان دەکەن‌و دیار نامێنن، ئەو کەسانەی ئەو تارماییەیان بینیبوو، گومانی ئەوەیان دەکرد، ئەوە ڕۆحیانەتی فریادی کۆتربازو دایکی بێت، لەدوای چەند هەفتەیەك ئەو مەفرەزەیەی فریادیان گوللەباران کرد لە کارەساتێکی نادیاردا لەناوچوون، هەندێك کەس پێیان وابوو یەکێك لە شۆڕش گێڕەکان ناپاکی کردووەو لەکاتی پاسەوانێتی خۆیدا هەڤاڵەکانی گوللەباران کردووەو دواتر خۆی تەسلیم بە ژەنەڕاڵ کردووە: کەسانێکی دیکەش لەناوچونی ئەو مەفرەزەیەیان دەگێڕایەوە بۆ نەفرەتی خوداو پەسەندکردنی نزاکانی پیرە ژنەکە لەلایەن خوداوە.

جەنازەکانیان ترس‌و دڵە خورپەی لەلای ئاوایی زیاتر دەکردو کەم کەس هەبوو بوێرێت لە نزیك ئەو جەنازانەوە گوزەر بکات، ئەوانەیشی بەوێدا گوزەریان دەکرد دووچاری پەتایەکی کوشندە دەهاتن، خوێن لەدەم‌و لووت‌و گوێچکەیانەوە دەهاتە دەرەوە، هەر ئەو خوێنەی خۆیان دەبووە گیانداریکی دڕندە، گیانداریك لەشێوەدا لە مشك دەچوو وەلێ لە قەبارەدا هێندەی پشیلەیەکی لێ دەهات، ئەو گیاندارە دەکەوتە وێزەی مردووەکان‌و هەموو گۆشتەکەی دەخواردو ئێسکەکەیشی دەکڕاندەوە: هەر کەسێك بەوێدا گوزەری بکردایە دەبووە خواردنی ئەو گیاندارانە.

لەگەڵ گەیشتنی نامەکەی ژەنەڕاڵدا، تەواوی خەڵکی ئاوایی لە دەوری یەك کۆبونەوەو لە چاوەڕوانی ئەودا بوون کەسێك زەرفی نامەکە هەڵچڕێ‌و نامەکە بخوێنێتەوە، ئەوان پێیان وابوو ئەو نامەیە دەتوانێت تەواوی کێشەکەیان چارەسەرکات، کەم کەس هەبوو بیری بە لای ئەوەدا بچێت... بە بۆچونی ژەنەراڵ ژیان تاقیگەیەکەو لەو تاقیگەیەدا دەبێت کەسانێك ببنە قوربانی لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکاندا، لە سەرەتای نامەکەی‌دا ئامۆژگاری ئەوەی کردبووین لە پێناو ئامانجە پیرۆزەکاندا ئامادەبین ببینە قوربانی، هەمووان بە گومانەوە دەیانڕوانیە ئەو بۆچونەی ژەنەراڵ، ئەوێك لە پێناو هێنانەدی خەونەکانیدا مەملەکەتێکی خاپوور دەکردوچێژێکی زۆری لە کوشتنی دیلەکان دەبینی، گەلێك جار بەر لە کوشتنیان دەست‌و قاچی



دەبرینەوەو سەرمەستانە دەیروانیە ئەو فوارە خوێنەی لە جەستەی ئەتك کراوی قوربانیەکان درووست دەبوو، هەندێك جاریش دەبەیەك بەنزینی بە گیانی دیلەکاندا دەرشت‌و دواتر گڕی تێبەردەدان... سەرشێتانە لە دوا دیمەنی گیان سپاردنیان رادەماو دەیدایە قاقای پێکەنین، کەم کەس هەبوو لەبارەی دڵرەقی‌و بێبەزەیی ژەنەراڵەوە چەند چیرۆکێکی نەبیستبێت، زۆر لە دایکان بە ناوهێنانی ژەنەراڵ مناڵەکانیان دەترساند... ئەگەر چی لە دڵی هیچ کەسێکدا خۆشەویست نەبوو، وەلێ وێنەکەی بەسەر دیواری زۆربەی ژوری ماڵەکانەوە هەڵواسرابوو : لە بەشێکی نامەکەیدا ئەوەی بە درۆ دەخستەوە کە کەسێك لە شۆرشگێرەکان هەڤاڵەکانی گولەباران کردبێت‌و پاشان تەسلیم بەو بوبێتەوە، گومانی ئەوەی هەبوو لە یەکێك لەو کانیانەدا ئاویان خواردبێتەوە کە ئاوەکەی ژەهراوی کراوە، گەلێك کەس چیرۆکی مردنی داپیرەی فریادی کۆتربازیان بیستبوو، فاتمی تاقانە کە لە نیوەشەوێکی درەنگدا کاتێك دەچێت بۆ کانی تارمایەکی سپی دەبینێت لە کانیەکە دێتە دەر... بە پڕتاوو شپڕزەیی بەرەو ماڵەوە هەڵدێت، بەبێ ئەوەی ئاوڕێ بۆ دواوە بداتەوە تا دەگاتە بەر دەرگای ماڵەوە هەڵدێت زۆر بە شپڕزەیی دەکەوێتە دەرگا لێدان : کاتێك دەرگاکەی لێدەکەنەوە دەبینن لە هۆش خۆی چووە، باوەشی پیا دەکەن‌و لەسەر جێگای خەوتنەکەی پاڵی دەخەن، پاش چەند ساتێك کە هۆشی بە بەردا دێتەوە جگە لەوەی لەبەر خۆیەوە دەڵێت :(خێوبوو...خێووبووو...خێووووو) هیچی دیکەی

لێنابیستڕێت توشی لەرزو تایەکی قورس دەبێت لە ڕۆژی سێهەمدا گیان لە دەست دەدات، لە دوای مردنی فاتمی تاقانە چیتر شەوان کە نەدەچووە سەرکانی، لەوە دەترسان ئەگەر بچنە سەر کانی خێوەکە دەستیان لێبوەشێنێ!؟ هەربۆیە گومانیئەوەیان دەکرد خێوی کانیەکان دەستیان لەو پۆلە تێکۆشەرە وەشاندبێت!؟. زۆر کەس پێیان وابوو نامەکەی ژەنەراڵ ئەو ترس و گومانانە دەڕەوێنێتەوەو لەو پەتا کوشنەیە ڕزگاریان دەکات، وەڵێ لەگەڵ خوێندنەوەی نامەکەدا کەشێکی ترسناکتر دڵی هەمووانی داگیرکرد، ئەو نامەیەی ئاشکرای کرد هەموو ئەو ڕوداونەی ڕویاندا تاقیکردنەوەی چەکە کۆکوژەکانە، ژەنەراڵ ئاماژەی بەوە دابوو... کە دەبێت لە پێناوی بە دەستهێنانی هەندێك شتدا قوربانی بە زۆر شت بدەین، ئەو ئێمەی وەك مشکی تاقیگەکان دەبینی، ئەوانەی نامەکەیان خوێندبۆوە جگە لە هەڵاتن هیچ ڕێگە چارەیەکیان شك نەدەبرد، هەڵاتن تەنها ڕێگایەك بوو بۆ ڕزگاربوون لەو پەتا کوشندەیە... ئەو پەتایەی تاك و تەرا خەڵك لێی ڕزگار بوبون، زۆرێك لەوانەی کە پێیان وابوو بە هەڵاتن دەتوانن خۆیان بپارێزن هەستیان بە گەرم داهاتنی لەشیان دەکردو سەریان قورس دەبوو دەکەوتنە هێلنج دان و ڕشانەوە، ئەمانەش نیشانە سەرەکیەکانی ئەو پەتایە بوون. چەند کەسێك لەوانەی پێیان وابوو بە هەڵاتن دەتوانن خۆیان ڕزگار بکەن ڕویان دەکردە ئەو دارستانە چڕەی پشت ئاوایی، وەڵێ ئەوەی ڕوی بکردایەتە ئەو دارستانە نەدەگەڕایەوە زۆربەی ئەوانەی بە نزیکی ئەو دارستانەدا



گوزەریان کردبوو باسی ترسناکی ئەو گوزەرەیان دەکرد، هەندێکیش باسیان لە بینینی تارمایەکی سپی دەکرد، دەیان ووت ئەو تارماییانە خێون... هەربۆیە ئەو دارستانەیان ناو نابو دۆڵە خێوە : کەم کەس هەبوو لە بارەی ئەو کانیەوە کە دەکەوتە خوار دۆڵە خێوە چیرۆکی ئەفسانەیەکیان نەبیستبێت، ئەو چیرۆکەی کە دەماودەمی دەکردو لە لایەن زۆر کەسەوە دەگێردرایەوە چیرۆکی مەرگی کازمی وەنەوشە بوو، کازمی وەنەوشە یەکێك بوو لە گەنجە ئازاو بوێرەکانی ئاوایی، بە هۆی جوامێری و لە خۆبردویەوە هەموو خوڵکی ئاوایی خۆشیان دەویست، بۆیە پێشیان دەوت کازمی وەنەوشە، ئەو کچەی خۆشی دەویست ناوی وەنەوشە بوو ئەو کچە بەژن زراڤو قەد باریك و چاو شینە، ئەو کیژە تاقانەیەی تەواوی جاحێڵان بە بینینی مەست و حەیران دەبوون، کازمی وەنەوشە لە قرچە قرچی نیوەڕۆیەکی هاویندا دەچێتە سەر ئەو کانیەو لە حەوزەکەی بەر دەمیدا مەلە دەکات، لە کاتی مەلە کردندا هەست بە تێپەڕینی چەند تارمایەکی سپی دەکات بە تەنیشت کانیەکەدا، چەند ساتێك دوای ئەوە ترسێکی زۆر ناخی داگیر دەکات و ڕەنگی سپی دەبێت، کاتێك دەگاتەماڵەوە چەشنی داپیرەی فریادی کۆترباز توشی لەرزێکی کوشندە دەبێت : دوای چەند کاتژمێرێك گیان دەسپێرێت، ئەوانەی تەرمەکەیان شتبوو باسیان لە چەند جێدەستێك دەکرد کە بە پشتی کازمی وەنەوشەوە بووەو جێدەستەکان شین هەڵگەڕاوە، ئەو جێدەستانەیان دەگێڕایەوە بۆ ئەوەی کە خێوەکان دەستیان

لێوەشاندبێت.تا دەهات مەملەکەت چۆڵ و خامۆشتر دەبوو، تەواوی ئاوایی بوبو بە ئۆردووی کرم، کەسێک نەبوو تەرمەکان بە خاک بسپێرێت.. ئەو چەند کەسەشی مابوون لە کەنارەکانی مەرگدا چاوەڕێی فریاد ڕەسێکیان دەکرد، ژەنەراڵ لە سەربازگەکەیدا لە وێنەی ئەو تانجیانەی رادەما کە لە بەرگی گۆڤارەکەی بەر دەستیدابوو، ئەو تانجییانەی هەمیشە وێڵن بە شوێن نێچیرێکداو دەیگرن و دەیهێننە بەردەم ئەو راوچییەی ماناکانی ژیان لە لوولەی تاپڕەکەیدا دەبینێت، ژەنەراڵ نیگاکانی دەگوێزێتەوە بۆ سەر وێنەکەی سەرۆک و لەبەر خۆیەوە دەڵێت : بۆ ئەوەی ئەنجامێک بە دەست بێنیت دەبێت کەسانێک، گەلێک شت بکەیتە قوربانی. بایەک دێت وئالاکە ڕادەوەشێنێت... ئالاکە دەکەوێتە خوارەوە... ژەنەراڵ توشی لەرزو تایەکی کوشندە دەبێت، بۆنی خوێن سەربازەکان ڕادەچڵەکێنێت... پاش چەند ساتێک خامۆشی باڵی بەسەر سەربازگەکەدا دەکێشێت.



# لە خاچ دراوەکەی کەنار شارەکە (+)

**قاسم محەمەد مستەفا**

ساڵێک پترە،لەگەڵ تێپەڕبوونی هەر وەرزێکی هاویندا و کە ساڵێک بەسەر کارەساتەکەدا تێپەڕ دەبێت، داخم لەو پتکە مسە نەفرەتدارە ئاگراوییەی کە بەر لە بیستنی گیززەکەی خۆی کوتایە نێو کەللەی سەری. تەنانەت دوای پێکرانی و کەوتنەکەشی، کە بەپێ‌ ەبوو، بەرەو ڕووی پێشەوەیدا کەوت، نەوەک پشتاو پشت بکەوێت!..

ئەم بروسکەیەمان لە (کەو)ێکەوە پێگەیشت کە لەسەر دۆندی چیاکەوە دەیخوێند و قاسپەکەی ئەم ووشانەی خوارەوەی دەگەیاند... ساڵانێک پێشتر لەسەر هەمان لوتکەی چیاکەوە ئەم کەڵە پیاوەو هاوەڵەکانی لەشەو بەشاخ و ڕۆژ بەشاخیاندا بەخۆو کلێتەو بەلەکپێچ و شەوڕۆکەیەوەو بەتفاقی تەواوەوە لەم شوێنە ڕەتع دەبوو ڕووناکییەکی تەمومژاوی دووری ئەم شارەی بەدی دەکرد و خەونی بەهەناسەیەکی والای بێگەردی دەدیت... بروسکە قاسپە قاسپەییەکە بەردەوام بوو...

هەر لەم شوێنەوە ئاشنای ئەم کەڵە پیاوە کەللە سەر سحراوە بووم.

(کەو)ەکە درێژەی بەقسشەکانیداو ووتی لەم کاتەوە کە لاشەی ئەم کەڵە پیاوەم دیوە لە کەناری شارە دێرینەکەدا کەوتووەو لەو شوێنەی لێڕاکشاوەو ددانەکانی لەکاتی بەسەر دەمداکەوتنی لەم بستەخاکەی چەقاندووەو لیکو خوێنو ئارەقەی تێکەڵ بەخۆڵەکە بووە من هەمیشە بۆی دەخوێنم.

چونکە ئەم کەڵە پیاوە تێنوو بوو...

تێنووی ماچی تیشکی خۆر بوو...(++) ئەو خۆرەی تاوەکو ئەوسا قژی خاکە جوانەکەی دانەهێنابوو.. ئەم خۆرە لە کازیوەی قژ داهێنانی ئەم پارچەیەلە لە ولاتەکەی بوو کە پتکە مسە نەفرەتدارە ئاگراوییەکە خۆی کوتایە کەللەی سەری...

ئێستاکەش تێنوویتی بە خوێندنەکەی من دەشکێ.. دڵنیاشم لەوەی وەك پەیکەرێك لەنێو پەیکەرە پیرۆزەکاندا بۆ شارەکەی دەگەڕێتەوە!...

= باشە ئەی (کەو)ە رەنگینە دڵسۆزە لەشار بە ئاگاکەم ئەم لاشەیە دوایی چی لێ بەسەر هات؟..

(کەو)ەکە بە قاسپە قاسپەکەی تێیگەیاندم:

گوڵێکی کێویی لاسك سووری گەڵا سەوز پەرەکانی لەباوەشی خۆی گلدابۆوە لە شوێنی دڵی کەڵە پیاوەکە رووا و بەرەو رووی شارەکە وەرچەرخا.



ئیتر باوو بالۆرە کەوتە شارو وتیان دوای ئەوەی بارو بارخانەکەی لەدەستداوە خۆی کوشتووە...

لەپێناوی ئەوەی خۆی لە گوناهەکان بشواتەوە ئەم خۆ کوشتنەی ئەنجام داوە... هەندێك ووتیان شاخەوان نەبوو بۆیە هەڵدێراوە.. ووتیان جارێکی دیکە هەڵناسێتەوە..

بەڵام هیچ لەم جۆرە قسانە ڕاست نەبوونو ڕاستییەکە تەنیا لای (کەو)ەکەیەو گەر ئەو بێتو بۆمان بگێڕێتەوە!.. دەڵێت...

= لەگەڵ سپێدەی بەیانی هێلانەکەم جێهێشتو بەرەو رووی پێدەشتەکە وەرچەرخامو رووم لە شارەکە بوو روو لە چوارپارێزەرە دێرینەکەی بەمنارەو قەڵا پیرەکەیەوە بەڵام ئەم ڕۆژە جیا لە ڕۆژانی دیکە چیا و شاخو رووبارو کانیاوەکان خوورِ خوورِ گریانو ڕۆ ڕۆیان بوو لەدەست ئەم ڕۆژە شومەدا.. قەلو دالآن خەویان لەچاوی منالآن زڕاندبوو... دیاربوو تیمۆجینەکان چراکانی شاریان دەکوژاندەوە...

لە دەروازەی دەربەندو ڕەوەزە چیاکان دەرباز نەبووبووم کە ئەم کەڵە پیاوە جوامێرەم دیت چاوەکانی تیژ دەیڕوانیو لەگەڵ سمڕانی بە پتکە مسە نەفرەتدارە ئاگراوییەکە شیلەی رۆحی لە شوێنە سمڕاوییەکەیەوەکە لەنێوچەوانییەوە چۆڕاوگەی بەستبوو ڕاست رووەو شارەکە...(کەو)ەکە لەسەر قاسپە قاسپەکەی بەردەوام بووو ووتی دوای ئەوەی ئەو سەرو سەری چیا و دۆڵو کانیاوەکانم کردو هەڵفڕیمە لای تاوەکو

لەنزیکەوە لە قەوماوەکە بگەم لەکاتێکدا پێشتر لە چیاو دۆڵو کانیاوەکان پتر نەدەکشامە نێو پێدەشتەکان! چی ببینم....ئیتر (کەو)ەکە لە هاڕژنی گریانیداو هاواری لێهەڵسا، تا ئێستا هیچ دەنگو هاوارو قیژەو دەنگدانەوەیەکی وا بەتینو دەنگ لەرزاوەی سەرانسەری ئەو دەوروبەرەم بەرگوێ نەکەوتبوو.. بەڵام باوكو باپیرانم بۆیان گێڕابوومەوە، ووتی لاشە نازدارەکەی بەر چەپۆكو سمو پاشەڵی دێوو ترنجانی تیمۆجینەکانی(+++) گالیسکە ئاسنینە سوارەکانی ئەم کەوتبووو شوێنەواریان بەهی مرۆڤ نەدەچوو. لەگەڵ ئەوەش کە ئەم کەڵە پیاوە لاشەکەی پلیشابۆوە زەردەخەنە لەسەر لێوەکانی باری نەکردبوو وەك بڵێیت گاڵتەی بەهێزی ئەهریمەنیی ئەو دێوو ترنجە بەدفەڕانە هاتبێتو بڕوای وابێت وەك هەموو جار (ماستو دۆشاو)یان بەسەر دادەکەن... چۆڕاوگەی نێوچەوانی لەدرەوشاوەیی خۆی نەکەوتبوو... گوڵە گەڵا سەوزە لاسك سوورەکەی سەرسینگی، کە لەڕاست دڵیەوە ڕوابوو، ڕووی لە شارەکە وەرنەدەر دەچەرخا... تائێستاو لە ئاندەش باس هەر باسی پیرۆزی ئەو کەڵە پیاوەو هاوەڵەکانێتی...

دوای ئەوەی لە هاوینی پێشیندا پیستو گۆشتو چەوریو خوێنی داماڵاو تێکەڵ بە خۆڵو خاکەکەبووو توایەوە. پاییزیش ئێسكو پروسكو کەللەی سەری بە دیارکەوت. زستانیش کە باران باریو لەگەڵ قوڕو لیتە مەزارێکی



سرووشتی لێ دروستبوو.. ئێستاش دێتە خەونی پیاوچاکانو وەچە دوای وەچەش بۆ یەکتری دەگێڕنەوە. نهێنی ئەم کەڵە پیاوە ئەوەبوو عاشقی ئەم شارە بوو. کە شار لەو دێوو ترنجە پاشەڵ سماوییانە پوونگایەوە ئەو نەیتوانی پتر هەنگاو هەڵێنیو لەم شوێنە پیرۆزە سەنگەرە بەرەنگارییەکەی بۆ هەتایە جێنەهێشتو نوێژی خۆشەویستی بۆ شارەکەی دابەست.

(+) لەیادی شەهیدبوونی (فاروق جەبار) نووسراوە.

(++) لەشیعرێکی بڵاوکراوەم لە ڕۆژنامەی هاوکاری/1977 وەرگیراوە.

(+++) ناوی ڕاستی (هۆلاکۆ)یە.

# جەستە پاسیڤبووەکان

جەمال پیرە

من تا ئەو لەحزەیەی دوای زەنگ لێدانەکە نەمدەزانی کە خۆم لەنێو خۆمدا بەچەند گوللەیەك کوژراوم ، ئەو ئێوارەیەی کەتازە هەستم بە کوژراوی خۆم کردبوو بیرم بۆ پرسەو مەراسیمەکانی تری دوای نەمان نەدەچوو ، نەمدەزانی ئەوانەی دوای من لە چ هەواو چ ئازارێك دان ؟ بێگومان بەبۆچوونی خۆیان، نەدەکرا تەفسیری چرکەکان بکەم وەك ئەو ساتانەی هەبوون وەك چۆن تەفسیرەکانم بۆ نەدەکرا بەهەمان شێوە دەستەکانیشم هیچیان نەدەگرت ، بۆنیان هەر لەبۆنی پاشماوەی ئەو نهێنیانە دەچوو کە بەئاشکرا ، بوونیان ئافاتی گەورە گەورەیان لەدوای خۆیاندا جێدەهێشت ، راستیەکەی تاکە جیاوازیەك کە ناکرێ بێ دەنگبم لێی ، لەنێوان سەردەمی بوونی ئەو ساو نەبوونی ئێستامدا نەمانی گریانەکان بوون، گریانەکان لێرە نابینرێن ئێستا ، رەنگبێ شتی تریش هەبن بەلاّم من نەم دیبن ئەگەر بوار بێ جارێکی تر بەتێرو تەسەلی دەیاننووسمەوە، لەبووندا گوڵەکان



ماچ دەکران ، ئێوارەکان بەباڵشکاوی دەمانەوە ، (با) یەکان زۆر جار زەبروەشێن و زۆرجاریش شنە بوون. پێیەوە ئاهەکان قووڵ دەبوونەوە بەهەرحاڵ من لەم مەملەکەتەی ئێستامدا ،دەکارم مەملکەتەکەی ئێوەی ئێستاو منی جاران بەکوژراوی ، بەجەستە پڕ لەگوللە شەقار شەقار بووەکەم راڤەبکەم، ئەمەش بۆمن بێگومان هیوایەکی نوێو موژدەی هەسارەیەکی تری دوای بوونە ،ئەوانەی سەراسیمەن بەو شوێنەی من دڵنیام بەبیستنی ئەو هەواڵە دەکەونەقالبێکی تری رامان،

لەوێ هەر کە لەقاپیەکەی یەکەمدا هاتمە ژوورەوە جلە کون کونەکەم خوێنی لێ دەچۆرا ، سەرەتا شەرمم دەکرد بەلاّم دواتر شتەکان ئاسایی بوون ، لەنێو کوژراوەکاندا من لەهەموویان نوێ تر بووم بەلاّم گەنج تر نا .مناڵی کوژراوی وا هەبوو لەسەر بێشکە هێنرابووە خوارەوە ،کچی عازەبی تیابوو قۆڵو باسكو سمتە جوانەکانیان مابوون بەلاّم سەریان کون کون ببوون، سیمایان شێواوبوو ، کەلییان نزیك دەبوویتەوە سەرو سیمای ئەوانت لەبیر دەچوو لەبەرجوانی روخسارو دڵ وئاخاوتنەکانیان ، هەبوو دەیگووت تەنها لەسەرکردنەوەی پەنچەرەی هەورەبانەکە کوژراوم ، هەبوو لەسەر نوسینی کاغەزێك بۆ هاورێیە ئەنتیسێکسەکەی ، لەسەر بۆیاغکردنی نینۆکی پەنجەکانی، هەشبو نەیدەوێرا بڵێ لەسەر چی کوژراوم نەبادا دووبارە بێنەوەو بەکوژراوی بیکوژنەوە!! ، لەژوورەکەی ئەو لادا

بەدەیان منالْ وەستا بوون کەمنیان بینی شاگەشکەبوون، لەچاوانیان دا دیاربوو حەز بەئاخاوتن لەگەلْ مندا بکەن، من بۆم نەدەکرا بچمە لایان ئەوانیش پێیانەوە دیاربوو، حەزیان لەگریانیش دەکرد بەلاّم قەدەغەبوو ، هەرچۆنێك بێت چەند دەقیقەیەك لایان مامەوە لەیەکێکیانم پرسی کە هێشتا زمانی نەپڕابوو ، حونجەی دەکرد، من دەمزانی چی دەڵێ بەلاّم ئەو بۆی‌نەدەکرا دەریببڕێ !!! کە لەوێدا تێپەربووم کۆمەلێك چەکدارم بینی ،لەوە دەچوو بەیەکەوەلەیەك جەنگدا کوژرابن هەر بەپەلە دووسێ یەك بەراکردن رووەو من هاتن ،پرسیاری مالْ و منالْو خێزانەکانیان لێدەکردم، هی واهەبوو زۆری لێدەکردم لایان بمێنمەوە ، منیش ئەگەرچی هەر دەبوایە بمێنمەوە بەلاّم بەدوای شوێنێکی شیاو بۆخۆم دەگەڕام شوێنێك بەلای کەم کەمێك لەمەملەکەتەکەی بوون بچێ ... هەورەکان بەگرمە گرمەوە دەهاتن‌و دەچوون ، دیوارەکان تۆکمەو پتەوتر بووبوون لانی کەم سەدان لاشەی تر لەبەر بارانەکە کەوتبوون بۆیان نەدەکرابجولّێن من حەزم دەکرد یەکەیەکە بیاندوێنم بەلاّم نەدەکرا . زۆر گەرام هاوڕێیە کوژراوەکانم بدۆزمەوە هەرنەدەکرا ، دوای ماوەیەك سەرگەردانی لەشوێنێکدا گیرسامەوە هەموو چوارچێوەکانی لەهی مەنفادەچوو ، هەر کێ منی بینیبا بەهۆی برینە نوێکانمەوە دەیزانی کەمن کوژراوێکی تازەم وەك بلّێی لەسەر تەوێلمدا نووسراوە ، وێلّی‌و ماندووبوون وەك چۆن



لەودیودا چارەنووسم بوو لێرەش بەهەمان شێوە ،من بەدوای پارووە نانێکدا دەگەرام بەلاّم دەستم نەدەکەوت ، کە دەچوویتە سوالْ بۆ لای یەکێك هەر زوو تەریقی دەکردیتەوە ، خەریك بوو شەکەتیم لەپەلوپۆی دەخستم ، لەبەرامبەریشدا یەکێ لەکوژراوەکان هاواری دە کرد من فلانی کوڕی فلانم .

لەبەرواری ....ڕێکەوتی .... لەبەردەم دەرگاکەی سینەمای... درامە بەر دەست ڕێژی گوللە لەلایەن کەسێکەوە کە بەداخەوە نەمتوانی ناوی بزانم تا ئێستا بێ سەرو شوێنم، هەربەردەوام بوو لەهاوارکردن‌و کوژراوەکان بەڕیزو بەتاسەوە گوێیان بۆ شل کردبوو ،، ئێمە کۆمەلێك گرفت بووین لەوێ ، بۆ خۆمان حەزمان لەژیانی ئێرە نەبوو، بەلاّم نێردراین داوای تەنها لەتێ نانتان لێدەکەم هیوادارم بۆم جێبەجێبکەن ،، کەئەمەی گووت کوژراوەکان پەرت بوون منیش رۆیشتمە ژوورەکەی ئەولا کۆمەلێك کوژراوی ترم بینی، بەلاّم جەستەیان سەلامەت بوو دوای لێکۆلینەوەم لەگەلّیاندا بۆم دەرکەوت کەئەوان بەشی زۆریان لەناو چالّی گەورە گەورەدا بە ریز هەر بە زندوێتی نێردراونەتە ئێرە ، دەشێ لە زیهنی ئەوانەی ئەودیودا هەر لە زەنزانەکانی ئەوێدا مابنەوە بەشێکیشیان بەنوێترین چەکی بایلۆژی سەردەم کوژراون، لەو سەرسامیەمدا هیوای دووبارەکوشتنەوەی خۆمم دەکرد بەلاّم .... نەدەکرا، کەسیش نەیدەوێرا....!!

2002/6/10

هەولێر

jamalpira@yahoo.com

پێرست:

* لەدەرەوەی دەرەوە...........فەروغ نعمەت پوور ..... 3
*نوسەران لەکورتە چیرۆکدا...سابیر رەشید............11
*دوو بۆڵەترێی دەم خوا.....جەزا چنگیانی...........31
*ئەو سێبەرەکانی تاران.......چنور سەعیدی..........47
*دوکەڵ، ئاسویەکی گوم......دڵشاد کاوانی...........52
*خەون و ئاوێنە..............زرار سەرتاش.............55
* رەشوسپی................سەردار قادر کاوانی.........63
*دواین نامەی ژەنەراڵ.....عومەر کەریم بەرزنجی..........68
*لەخاچدراوەکەی کەنار.....قاسم محمەد...............76
* جەستە پاسیڤ بوەکان......جەمال پیرە.............81